دوارۆژ

٢٠٢١/٠٨/١٤ - ٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی، ساڵی هەشتەم، ژمارەی ١١٠

dwaroj.net

دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

داخستنی ئینترنێت دوایین تیری کەوانە

ئاسۆ ئیسلامپەنا ٣

نۆرمالیزەکردنی توندووتیژی لە میدیا

شەهرام وەحدانی ١٠

ئازارەکانی گەلی ئەفغانستان و هاتنەوەی تالیبان

ئاژوان-سنە ١٣

سەروتار

هاواری کوردستان لە گەرووی ئەحوازەوە

ئەسعەد درووەدی

ماوەیەک بەسەر ئاخێز و ناڕەزایی دەربڕینی خەڵکی بەشی هەرەزۆری ناوچەی عەرەبنشینی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێ و ئاگری ناڕەزایی لە شوێنی دیکەی ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دیسان هەڵگیرساوە. خەڵکی ئەو بەشە و نەتەوەی عەرەبیش وەکوو نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی یەخسیری دەسەڵاتی ڕەگەزپەرەست و دژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ژێر ستەمێکی دوو قاتدان. ئەو ناوچانەش وەکوو کوردستان خاوەنی نەوت و سەرچاوەی بەرینی سروشتی و بنەمایەکی باش بۆ ئاوەدان بوون و خۆشبژیویی خەڵکن بەڵام دەسەڵاتی پاسیستیی زاڵ کە لە ڕوانگەی نەتەوەی سەردەست و هەوڵ بۆ بە ئومەتی ئیسلامی کردنی خەڵک و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی خەڵک دەدا و سیاسەتەکانی بە پێی لە دوو خوێندنەوەی ئێرانی یەک نەتەوە و ئۆممەتی ئیسلامی دادەڕێژێ وایکردووە کە ژیانی خەڵک و ژینگەی ئەو ناوچەیە بکەوێتە مەترسییەوە و مەسئەلەی ئاو ببێتە مەراخی گەورەی خەڵکێک کە تالابی شادگان و ڕووباری کاروون لە ناوچەکەیاندایە. ئاکامی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلی عەرەبی ژێردەستی کە بەشی زۆری چاڵە نەوتەکانی ئێرانی تێدایە بێجگە لە ٨ ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ حکوومەتی عێراق کە بەشی زۆری ناوچەی ئەحوازی تێدا کاول بوو و دوای تێپەڕبوونی ٣٣ ساڵ لە کۆتایی شەڕ هێشتا زۆر شوێن بە کاولی ماوەتەوە و ئاوەدان نەکراوە، هیچی دیکە نەبووە. ئەو ناوچەیە کە گەورەترین ناوەندەکانی پاڵاوتنی نەوت و پێترۆشیمی تێدایە و ئابووریی نەوتیی حکوومەتی ئێران بە تەواوەتی پێوەی بەرستراوەتەوە یەکێک لە ناوچە هەژارەکانە و کرێکارانی ئەو ناوەندانە ساڵهایە بەدەستی زوڵمی دەسەڵاتداران و خاوەنکارانەوە دەنااڵن. ئەوەی ئەمڕۆ لەو ناوچانە ڕوو دەدەن پێویستی بە پشتیوانیی هەموو مرۆڤێکی ئازادی خواز و هەموو نەیارانی دیکتاتۆریی ڕاسیستیی ئاینیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، مافی خەڵک بۆ ژیانێکی شیاو و سەردەمییانە جێگەی پشتیوانی و خەباتیان جێگەی ڕێزە. ئەوەی ئەمڕۆ لە ناوچەی ئەحواز ڕووەدا لە کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، کوردستان لەبەر ئەوەی هەرگیز ملکەچی بێمافی و ستەم و چەوسانەوەی حکوومەتی ئیسلامیی نەبووە، ٤٣ ساڵە بە گوللە و زیندان و ئیعدام و بێبەشیی ئابووری وەڵامی دەدرێتەوە. ئەوە دەردی هاوبەشی نەتەوە ژێردەستەکانی لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدایە.

...بۆ ل ٢

هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە:

"کۆمەڵە" تەسلیمی هیچ گوشارێکی کۆماری ئیسلامی نابێت

هاوڕی عومەری ئێلخانیزادە سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دوایین وتووێژی خۆی کە لە لەگەڵ دەنگی ئامریکا لە وڵامی عەلی شەمخانی، باس لەوە دەکات کە ئەم هەوڵانەی ئێران تازە نیە و پێشووتریش لە لایەن لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی عێراقەوە ئاگادارکراونەتەوە کە لە سنورەکان بکشێننەوە و چەک بکرێن ئەوەش داواکاری و فشاری ئێرانە لەسەر لایەنە کوردستانیەکان و حکومەتی هەرێم، دەشڵێت ، ئێمە ناکەوینە ژێر ئەو فشارانە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکامان لەو فشارانە ئاگادارکردۆتەوە.» لەسەرەتای وتووێژەکەدا سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد بەو کرد کە لە زەختەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لایەنە سیاسیەکانی عیراق ئاگادارین و لەو ڕوەوە وتی» بەڵێ لەمێژە ئێران هەوڵی ئەوە دەدات، گوشارەکانی لەسەر دەوڵەتی عێراق هەیە، وە زۆر لایەنیش لە دەوڵەتی عێراقدا کە لایەنگری ئێرانن ئەو داوایەیان بووە یان ئەو داخوازیەیان کردووە تەنانەت لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش قسەیانکردووە چ ئێران چ ئەو گروپانە، من پێموایە ئەوە تازە نییە و ئێران هەوڵەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە بەتایبەت دوای هاتنە سەرکاری (ڕەئیسی) بۆ لێدانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەروەک کە چۆن لە ڕۆژنامەوان و چالاکوانی سیاسی لەدەرەوە ناگوزەرێت، گومانێک نییە لەعێراقیش هەوڵدەدات کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کز و لاواز بکات تائێستاش لەو بابەتەوە هیچ درێغیەکی نەکردووە لە تیرۆر و کوشتار و کاری دزێوەوە بیگرە ئێران کردوویەتی هەتا فشاری سیاسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بۆ سەر عێراق.»

...بۆ ل ٤

ئێران

تیرۆر پێناسەی کۆماری ئیسلامییە

لە هەر کۆمەڵگایەکی ئەم گۆی زەویە هەن ئەوانەی بیرۆکەی جیاوازیان لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان هەیە لە وانەش سیاسەت و شێوازەکانی بەرێوەبەری وڵات و کۆمەڵگا کە لەسەرتای شارستانیەتەوە تا ئێستا بە هەزاران بیرۆکە و تئۆری و ئایدیالۆژیان لە خۆ گرتوە. پەیرەوانی هەر فکرێک حەوڵی گونجاندنی ئایدیا و بیرۆکەی خۆیان لە بەرێوەبردنی وڵات دا دەدەن. وڵاتانی پێشکەوتووی بۆ نمونە ئامریکا و فەرانسە رێوشوێنی جیاوازیان وەک هەڵبژاردنی دەورەیی یان بەرێوبەری ماوەی بەکار دێنن تا هەموان بە پێ لایانگرانیان بەشدارلە بەرێوەبردنی وڵاتەکەیان بن.بەڵام ئەم کراوەیە لە هەمو دەوڵەتان بەدی ناکرێت و رێژیمێکی دیکتاتۆری ئێران رێگە نادات جگە لە پەیرەوانی بەیتی رێبەری (خامنەیی) هیچ دەسەڵاتێکی دیکە بوونی هەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش هەر چەشنە رێگایەکیان گرتۆتە بەر وەک تیرۆر و لەناو بردن.

...بۆ ل ٥

یەکسانی

ڕەنگەکانی ئاڵای وڵاتەکەم

ئێستا کە ئەم بابەتە دەنووسم دەسەڵاتی ئێران لە دژوارترین دۆخی خۆیدایە وخەڵکی زۆرێک لە شارەکانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی ئیسلامی شەقامیان خرۆشاندووە، داخوازیی سەرەکیی خەڵک نەمانی ئەو دەسەڵاتەیە. پێویستە بوترێت کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، لە ئێران دوو شۆڕشی گەورە ڕوویان داوە، شۆڕشی مەشرووتە و ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی هەفتا و نۆی زایینی. دروشمی هەر دوو شۆڕشەکەش ئازادی، سڕینەوەی دیکتاتۆری و بەربەست کردنی دەسەڵاتی ڕەهای شاکان بوو کە خۆیان بە سێبەری خودا دەشوبهاند و دەسەڵاقتی ڕەهایان بوو بە سەر گیان و ماڵی خەڵکی ژێردەسەڵاتدا. بەڵام ڕەزاخان شۆڕشی مەشرووتەی خنکاند و بەرهەمی کۆتایی دووهەمین سەرهەڵدانیش بوو بە کۆماری ئیسلامی کە بۆ زۆرینەی خەڵکی ئێران کارەسات بووە و بۆ کورد زیاتر لە هەموان.

...بۆ ل ١١

مێژوو

تیرۆرو ڕەشەکوژی نەیاران و بیر جیاوازان

بە داخەوە بۆ جارێکی تر سیاسەتی چەوتی کوشتن و برین و تۆقاندن و ڕفاندنی نەیارانی سیاسی ، لە لایەن کۆماری سێدارەوە چەخماخەی لێدراو قوربانی گرت.ئەمجارەش دەستی ڕەش و چەپەڵی ناحەزان و مرۆڤ کوژانی کۆماری ئیسلامیی سنورەکانی نایەپشت سەرو پێنایە ناو قولایی دلی وڵاتانی ناوچەکە.

زۆر بەداخەوە لە پیلانی ئەمجارەدا کە لەڕۆژی شەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٠ (٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١) ڕویدا، تەرمی موسا باباخانی چالاکی سیاسی خەڵکی کرماشان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هۆتێلێک بە ناوی «گوڵی سلێمانیە» لە ناو قولایی دڵی شاری هەولێر ،

...بۆ ل ١٤

دیژەی سەروتار

دیارە ناوەرۆکی بزووتنەوەی کوردستان لە بەر مێژوویەکی درێژی خەبات و خۆڕاگری تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لەبەر بوونی ڕەوتێکی بەهێزی و خاوەن مێژووی چەپ و سێکۆلار لە کۆمەڵگای کوردستان کە خاوەنی حیزب و بزووتنەوەی تایبەتیی خۆی بووە، ئاستێکی جیاواز لە داخوازی و داواکاریی تێدا بەرچاوە و نەک هەر خوازیاری نەمانی دەسەڵاتی دژە مرۆڤ و ڕاسیستیی کۆماری ئیسلامییە بەڵکوو چاوی لە داهاتوویەکی تەواو جیاواز و کۆمەڵگایەک بە سیستەم و بەڕێوەبەریەتیی جیاواز هەم لە فۆرم و هەم لە ناوەرۆکدا، بڕیوە.

بزووتنەوە خەڵکی تێنووی ئاو و ئازادی لە ئەحواز دەبێ پشتیوانیی لێ بکرێ، با نەتەوەی عەرەب وەکوو نەتەوەی کورد بەتەنیا نەمێنێتەوە با داوای ئاو و ئازادی لەو ناوچەیە بە ڕەوا ببیندرێ و با هەمووان دیسان بۆیان دەرکەوێ کوردستان ٤٣ ساڵە بەتەنیا و بێپشتیوان دژی درێندەترین دەسەڵاتی سەردەم ڕاوەستاوە.

پەیامی هاوخەمی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕووداوی تێرۆرکرانی مووسا باباخانی ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بنەماڵەی خۆراگری باباخانی و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

زۆر بەداخەوە هەواڵی گیانلەدەستدانی بەڕێز کاک مووسا باباخانی ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان پێگەیشت کە لە پیلانگێڕییەکی تێرۆریستیدا لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کراوەتە ئامانج و گیانی ئازیزی لەدەست داوە.لە قووڵایی دڵەوە بە بیستنی ئەم هەواڵە دڵگران و خەمبار بووین.بێگوومان گیانلەدەستدانی کاک مووسا خەسارێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و بە تایبەت بۆ ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئێمە لە لایەن هەموو ریزەکانی کۆمەڵەوە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی،پربەدڵ سەرەخۆشی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کاک مووسا باباخانی و بنەماڵە و کەسوکاریدەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

بڕی یادی ئازیزی مووسا باباخانی بڕی بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کوردستان

مەرگ ونەمان بۆ کۆماری تێرۆریستی ئیسلامی ئێران.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی

وەزیری ناوخۆی پاسدار و وەزیری دەرەوەی توندڕەو؛ ڕەئیسی لیستی کابینەکەی ڕاگەیاند

(ئیبراهیم ڕەئیسی»، سەرۆککۆماری حکومەتی ئێران لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لیستی وەزیرەکانی کابینەکەی بۆ وەرگرتنی دەنگی متمانە ڕاگەیاند.

وەزیرە پێشنیارکراوەکانی ئیبراهیم ڕەئیسی دەیسەلمێنێت کە نیگەرانیی پێشوەختی چاودێران سەبارەت بە دەوڵەتەکەی لەخۆە نەبووە.

لەو لیستەدا ناوی «ئەحمەد وەحیدی»، فەرماندەی پێشووی هێزی قودسی سوپای پاسداران بۆ وەزیری ناوخۆ دەبیندرێت، ئەوەش بە سیاسەتی دەوڵەتەکەی بۆ سەرکوتی دەنگی ناڕەزایی لە ئێران لێک دەدرێتەوە.

ئەحمەد وەحیدی یەکێکە لەو بەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی کە پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتێرپۆل) بەدواوەیەتی.

هەروەها «حسێن ئەمیرعەبدوللاهیان»ی بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە ڕاگەیاندووە، کە بە سیاسەتمەدارێکی توندڕەوی سەربە سوپای پاسداران دەناسرێت.

ئەمیرعەبدوللاهیان لە سەردەمی سەرۆکایەتیی «مەحمود ئەحمەدیەژاد»دا جێگری وەزیری دەرەوە بوو بۆ کاروباری تایبەت بە وڵاتانی عەرەبی.

بەڵام لە پاش هاتنە سەرکاری «محەمەدجەواد زەریف» لە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانیدا لە پۆستی جێگری وەزارەتی دەرەوە دوورخرایەوە.

ئەو لەئێستادا ڕاوێژکاری سەرۆکی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری نێودەوڵەتی ئەو مەجلیسەیە.

خاڵیکی بەرچاوی دیکەی کابینەی پێشنیارکراو لەلایەن ئیبراهیم ڕەئیسییەوە ئەوەیە کە زیاتر لە نیوەی کابینەکەی، وەزیرانی سەردەمی دەوڵەتی مەحمود ئەحمەدینەژادن.

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پێوەندی بە ڕووداوی نەغەدە

هاوڵاتییانی خۆشەویست!

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

بە پێی هەواڵێک کە لە نەغەدەوە بە دەستمان گەیشتووە، بە هۆی دەمەقاڵەی چەند کەسێکی تورک و کورد لە شاری نەغەدە شەڕ و هەڵپژانێک لە نێوانیاندا ڕووی داوە و بە داخەوە گەیشتووەتە چەک کێشان و تەقەکردن و دوو کەسی کورد بە ناوەکانی "فەردین ئیبراهیمی" و "محەممەد عەلیزادە" کوژراون و کەشی شاری بە تەواوەتی ئاڵۆز و بووە و بشێوی و نیگەرانیی بۆ دانیشتووانی شار و دەوروبەری پێک هێناوە و بەرپرسانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو بەینەدا هیچ دەورێکی ئەوتۆیان بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە لە خۆیان نیشان نەداوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە دوو نەتەوەی کورد و تورک بە درێژایی مێژوو لەو دەڤەرە پێکەوە ژیاون، لە هەموو بارودۆخێکیشدا دەبێ هەستی پێکەوەژیان و هەڵکردنیان لە سەرەوەی هەموو شتێک بێ و ئیزن نەدەن لە سەر چەند شتی بێ مایە و بەرژەوەندیی چەند کەسی نابەرپرسیار کێشە بکەوێتە نێوان دانیشتووانی ئەم شارە و ئەزموونی پێکەوە ژیانی ئەم دوو نەتەوەیە ئەوەمان پێ دەڵێت تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان دیالۆگ، پێکەوە هەڵکردن و لە یەک تێگەیشتنە.

بە خۆشییەوە زانیارییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن لە هەر دوو نەتەوەی تورک و کورد کەسانێکی دڵسۆز بەپەرۆش بۆ ئاسایش و پاراستنی هێمنیی شار و هێورکردنەوەی ئەو دۆخەی هاوردەکردن و چ لە ڕێگەی وەبەرهێنانی ناوخۆوە دەبێت بە خێراترین کات دابین بکرێت.»

عەلی خامەنەیی پێشتر ڕۆژی ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ وتبووی: «کۆرۆنا ئەوەندەش لە خۆمان گەورە نەکەینەوە، ئەم کێشەیە پاش ماوەیەک نامێنێت.»

ساڵێک دواتر لە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٩دا فەرمانی دەرکرد کە هاوردەکردنی هەموو جۆرە ڤاکسینێکی بەریتانی و ئەمریکی بۆ ئێران قەدەغەیە و وتبووی: «ئەگەر کۆمپانیی فایزێر دەتوانێت ڤاکسین وەبەربهێنێت، با خەڵکی ئەمریکا خۆیان بەکاری بهێنن.»

بەپێێ ئامارە جیهانییەکان، لەئێستادا زیاتر لە ٧٠٪ خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڤاکسینەکراون.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

هێمنیی شار و هێورکردنەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوە لە هەوڵێکی جیدی دان و ئەوە مایەی دڵخۆشییە بۆ هەموو لایەک، وێڕای دەستخۆشی و ڕێز و پێزانینمان بۆ ئەو هەوڵە بەرپرسیارانەیان هیوادارین کۆمەڵانی خەڵکی شاری نەغەدە پێشوازی لەو هەوڵە مرۆڤدۆستانەیە بکەن و ئیزن نەدەن کەسانی ئاژاوەگێڕ ژینگەیان نائارام بکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای بە داخ بوون لەو ڕووداوە ناخۆش و نابەرپرسیارانەی چەند کەسی ئاژاوەگێڕ، هاودەردی و سەرەخۆشیی خۆی پێشکەش بە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو ڕووداوە دەکا و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازێ و هیوادارە هەرچی زووتر ئارامی و ئۆقرەیی باڵ بە سەر شاری نەغەدە و دەوروبەریدا بکێشێتەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی

کۆرۆنا لە ئێران؛ خامەنەیی بای‌دایەوە لە بڕیاری قەدەغەی هاوردەکردنی ڤاکسین

«عەلی خامەنەیی»، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠ی گەلاوێژی ١٤٠٠ ڕایگەیاند کە کۆرۆنا «پرسی یەکەم و بەپەلەێ» وڵاتە و داوای لە بەرپرسان کرد، بە هەموو جۆرێک ڤاکسینی کۆرۆنا دابین بکەن. ئەوەش لەکاتێکدایە کە پێشتر قەدەغەی کردبوو ڤاکسینی ئەمریکی و بەریتانی بۆ ئێران هاوردەبکرێت.

خامەنەیی ئەمڕۆ لە وتارێکدا، گیان لەدەستانی ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠٠ کەسی بە «دڵتەزێن» ناوزەدکرد و جەختی لەوە کردەوە: «ڤاکسین

داخستنی ئینترنێت دوایین تیری کەوانە

ئاسۆ ئیسلامپەنا

پڕۆژەی بەرتەسککردنەوەی ئینترنێت لە ئێران بە ناوی پاراستنی مافی بەکارهێنەران و خەڵک، لە مەجلیسی کۆماری ئیسلامی لە پەسندکردن و جێبەجێکردن نزیک بووەتەوە. ئەم کورتە نووسینە هەوڵ دەدات پرۆسەی پەسندکردن و ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیاسایە و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای ئێران لێکبداتەوە.

ناوەرۆکی پڕۆژەیاساکە

پڕۆژەیاساکە لە ژێر ناوی «گەلاڵەی پاراستنی مافی بەکارهێنەران» بە ڕواڵەت باس لە فیلتێرکردن و داخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیهانییەکان ناکات، بەڵکوو تەنیا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی لە ئێران بەکار دەهێنرێن، پێویستە نوێنەرایەتی لە تاران بکەنەوە و سێرڤەری داتا و زانیارییەکانی بەکارهێنەرانی ئێرانی بگوازنەوە ناو ئێران و بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی بجووڵێنەوە. بەپێچەوانەوە تووشی سزادان و داخستن دەبن.

ئاشکرایە کە کۆمپانیا گەورەکانی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە نین نوێنەرایەتی لە ئێران بکەنەوە و سێرڤەری داتاکانیان بگوازنەوە ئێران. دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی و نەبوونی ئازادی بەپێچەوانەی پرنسیپەکانی کاری ئەو کۆمپانیایانەیە. هەر بۆیە یاساکە هەوڵ دەدات تاوانی فیلتێرکردن و داخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەگشتی ئینترنێت بداتە پاڵ بەڕێوەبەرانی تۆڕەکان و بەمجۆرە شان نەداتە ژێر بەرپرسیارێتیی ئەنجام و کاریگەرییەکانی یاساکە لەسەر کۆمەڵگای ئێران.

ئامانجی یاساکە

ئەگەرچی گەلاڵەی یاساکە هەوڵ دەدات پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەرانی ئێرانی بە گواستنەوەی سێرڤەری داتا و زانیارییەکان بۆ ناو ئێران بکاتە بیانوو، بەڵام ئاشکرایە کە گواستنەوەی ئەم زانیاری و داتایانە بۆ ناو ئێران بەمانای دەستڕاگەیشتنی ناوەندە ئەمنی و سەرکوتگەرەکانی حکوومەتە بە ناوەڕۆکی هەموو چالاکییەکان لە ئینتێرنێت. ئەمەش ئامرازێکی هەستیارە بۆ سەرکوت و کپ کردنی دەنگی جەماوەر و کۆنترۆڵکردنی هەرچی زیاتری چالاکییە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان.

ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەم یاسایە، داخستنی ئینتێرنێتی جیهانی و جیاکردنەوەی ئێرانە لە پەیوەندیی بێ سانسۆر و ڕاستەوخۆی کۆمەڵگای ئێران لەگەل کۆمەڵگای جیهانی. هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوانە، حکوومەت بەردەوامە لە پێگەیاندنی پڕۆژەی ئینتیرنێتی خۆماڵی و تا تەواوبوونی ئەم پڕۆژەیە هەوڵدەدات هەنگاو بە هەنگاو کۆمەڵگا لە ئینتێرنێتی جیهانی دابببڕێت و لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەکی دابڕاو لە جیهان هاوشێوەی کۆریای باکوور بنیات بنێت بۆ سەرکوتی ڕەها و داپڵۆسینی جەماوەری و خنکاندنی هەر دەنگێکی نەیار و تەنانەت ڕەخنەگر.

چۆنییەتی پەسندکردنی یاساکە

یاسای بەرتسککردنی ئینتێرنێت بەشێوەیەکی زۆر دەگمەن تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ یاساکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، پڕۆسەیەکی بەپەلە و نائاسایی تێپەڕ کردووە. ئەم یاسایە بە ڕەچاو کردنی مادەی ٨٥ی دەستوور (یاسای بنەڕەتی)ی کۆماری ئیسلامی، کەوتووەتە پڕۆسەی پەسند کردنەوە. بەپێی مادەی ٨٥، ئەم یاسایە بۆ پەسندکردن پێویستی بە دەنگی گشتیی مەجلیسی حکوومەت نییە و دوای پەسندکردنی لە کۆمیسیۆنێکدا، ڕاستەوخۆ دەدرێتە شۆرای نیگابان و لە ژێر ناوی تاقیکردنەوە و کاتی، بەڵام بۆ ماوەیەکی نادیار دەکەوێتە جێبەجێ کردن. ئەم پڕۆسەیە لەلایەکەوە ڕێگە بۆ جێبەجێ کردنی بەپەلەی یاساکە خۆش دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدات بە پێداگری لەسەر کاتی بوون و تاقیکاریی یاساکە لە مەیدانی جێبەجێ کردندا، بەرهەڵستی و دژایەتیی گشتی تا ڕادەیەک کەم بکاتەوە. هاوکات دەرفەتێکە بۆ دامەزراندنی ژێرخانەکانی ئینتێرنێتی خۆماڵی و دابڕینی یەکجارەکیی بەشە جیاوازەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا لە یەکتر و هەروەها داخستنی دەرگای پەیوەندیی جیهانی بەڕووی جەماوەری ئێران.

پێشتریش یاسای سزادانی ئیسلامی هەر بەمجۆرە یەکەمجار پەسند کرا و ڕێگەی بۆ سەپاندنی یاسای کۆن و دواکەوتووانە بەسەر کۆمەڵگادا خۆش کرد و لە بەستێنێکی فراواندردا سەرکوت و دیکتاتۆرییەتی ئیسلامیی لە ناو کۆمەڵگادا پەرە پێدا. وەگەڕخستنی ئەم یاسایە لە چەندین ڕووەوە کاریگەریی گەورە و گرینگی دەبێت لەسەر کۆمەڵگای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. کاریگەریی کولتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، لە گرینگترین کاریگەرییەکانی داخستنی ئینتێرنێتن.

کاریگەریی کولتووری

کولتوور زۆر جار وەک بوونەوەرێکی زیندوو هێما دەکرێت کە دەبێت زەمینەی پشکووتن و گەشەکردنی بۆ بڕەخسێت. پڕۆسەی بەجیهانیبوون و گشتگیریی ئینتێرنێت وەک ئامرازێکی هەرە گرینگی پەیوەندی، ئەم بەستێنەی لە ئاستێکی بێوێنەدا خۆش کرد بۆ پەیوەندیی کولتوورەکان و کارلێکیان لەسەر یەکتر و لەم ڕێگەیەشەوە و نوێبوونەوە و گەشەی کولتووری. تێکەڵاو بوونی کولتووری جیاوازەکان، زەمینەخۆشکەری لێک تێگەیشتنی زیاتر و لێرەشەوە پەرەسەندنی هەستی لێبوردەیی و ئاشتیخوازی و پێکەوەژیانی جیهانییە. بە داخستنی ئینتێرنێت وەک دەروازەی ئەم پەیوەندییە جیهانییە، کۆماری ئیسلامی لە ڕێی سەپاندنی کولتووری دڵخوازی خۆی و لەوانە بەرهەمهێنانەوە و پەرەپێدانی کولتووری دوژمنایەتی لەگەڵ وڵاتانی دیکە، تووشی بەرەنگاریی کەمتر دەبێت و بە تێچوویەکی سیاسیی کەمتر، زیاتر لە ئامانجە کولتوورییەکانی نزیک دەبێتەوە. وەستاندنی گەشەی کولتووری و بەرهەمهێنانەوەی نۆرمە کولتوورییە کۆنەکان، زەمینەخۆشکەری بوونی کۆمەڵگایەکی دواکەوتووە کە تێیدا پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافەکان ئاسایی دەبێتەوە و تووشی کەمترین بەرهەڵست دێت.

کاریگەریی کۆمەڵایەتی

پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەرییەکی بێوێنەیان بووە لەسەر ئاستی نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنی زیاتری پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای ئێران. ئەگەر ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، دەزگای پڕوپاگاندای ئیسلامی سەرکەوت لەوەی بەشێک لە خەڵکی ئێران لە دژی پێکهاتە ئایینی و زمانی و نەتەوەییەکانی دیکەی ناو ئێران بوروژێنێت، بێئاگایی و یەکتر نەناسینی ئەو پێکهاتە جیاوازانە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پڕۆسەی سەرکوتی خەڵکی ئێران بوو بە دەستی خەڵکی خۆیان. بە گەشەکردنی پەیوەندیی نێوان هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێران، ئاستی زانیاری و یەکترناسینی ئەم پێکهاتانە بەڕادەیەک گەشەی کردووە کە تەنانەت هەوڵەکانی دەست و پێوەندەکانی حکوومەت بۆ پژاندنی تۆوی نەفرەت و لە یەکتر دوورخستنەوەی پێکهاتەکانیش ئیتر ناتوانێت ئەم پێشڤەچوونە لە نزیکایەتی و پەیوەندیی دۆستانە و ئاشتییانە خاو بکاتەوە یان بیوەستێنێت. بە داخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک دەرگای ئەم پەیوەندییە نێوان پێکهاتەییەی ناوخۆی کۆمەڵگای ئێران، حکوومەت هەوڵ دەدات ئامرازی لەیەکتر دوورخستنەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، جارێکیتر وەک دارددەستێک بۆ سەرکوتی خەڵک بەکار بهێنێت و هەروەها پێش لە ڕێکخستنی ماناداری نێوان هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بگرێت.

کاریگەریی ئابووری

ئینترنێت شێوازی بازرگانی و چالاکیی ئابووریی لە هەموو جیهان گۆڕی. ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ گەشەکردنیان لە ئێرانیش بوونە ئامرازێکی هەرە گرینگی چالاکیی ئابووری. لە ئابووریی دارماوی ژێر زەبری کۆماری ئیسلامیدا، بە سەدان هەزار کەس (دەوروبەری دوو ملیۆن کەس بەپێی خەملاندنە گشتییەکان) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان کردە دەرفەتێک بۆ کار کردن و دەستخستنی داهات بۆ بژیوی ژیان. ئەم مەیدانە تازەیەی بواری ئابووری کە کەمتر دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی حکوومەتەوە، زۆر زوو بووە سەرچاوەی داهاتی ژیانی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگا، کە دەتوانن بە دوور لە نۆرمە سەپێنراوەکانی حکوومەت بەسەر بازاڕە کلاسیکەکانی ناو شارەکان، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان بخەنە بەر دیدە و دەستی کڕیاران؛ ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی کە لەوانەیە لە ناو دووکان و ناوەندەکانی بازرگانیدا قەدەغە و ببنە هۆی سزادانی خاوەن و کڕیارەکانیش.

داخستنی ئەم مەیدانە بەرین و ڕوو لە گەشەیەی چالاکیی ئابووری و داهاتی خەڵک، ژمارەیەکی زیاتر لە جەماوەری کۆمەڵگا تووشی هەژاریی زیاتر و بێ داهاتی و گرفتەکانی دەرەنجامی ئەم هەژارییە دەکات. بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامی کە ئابووری بریتییە لە تەنیا دابینکردنی پارەی پەرەپێدان و سەپاندنی حکوومەتی دینیی جێی پەسندی خۆیان لە ناوچەکە بەگشتی و زۆر شوێنی دیکە، دابینکردنی ژیانی ئابووریی جەماوەر لە پلەکانی سەرەوەی پلانە ئابووریییەکاندا جێی نابێتەوە. هەربۆیە ئامانجە سەرەکییەکانی حکوومەت لە سەپاندنی یاسای داخستنی ئینترنێت، بێ کەمترین ڕاڕایی هیچ بایەخێک بە لەدەستچوونی سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی خەڵک نادات.

کاریگەریی سیاسی

ئینترنێت هەر زۆر زوو بوو بە مەیدانێک بۆ چالاکیی سیاسیی هەڵسووڕاوانی بواری سیاسەت و لەگەڵ گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاری سیاسی لە چالاکیی نوخبەی بوارەکەوە بوو بە پرسی ڕۆژانەی زۆربەی جەماوەری ئاسایی ناو کۆمەڵگا. ئەم پەرەسەندنە لە دوو بواردا خۆی بینییەوە: بواری زانیاری: لە نەبوونی میدیا و ناوەندی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ لە ئێران، ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەخێرایی ئەم بۆشاییەیان پڕکردەوە و بوونە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکیی بڵاوکردنەوە و دەستخستنی هەواڵ و زانیاری. خێرایی ئەم پڕۆسەیە بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی سیاسیی کۆمەڵگای لێکەوتەوە و گرینگترین ئامراز بوو بۆ پووچەڵکردنەوەی پڕوپاگاندای سیاسیی حکوومەت، کە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی چەواشە و ئاراستەکراو، هەوڵی دەدا خۆی وەک تاکە هێزی سەرکەوتوو و بێ بەرهەڵست نیشان بدات. داخستنی ئەم دەروازەیەی هەواڵ و زانیاری یەکێک لە گرینگترین ئامانجەکانی پڕۆژەیاسای بەرتەسک کردنەوەی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

بواری ڕێکخستن: لەگەڵ بەرفراوانبوونی بەکارهێنانی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران، پڕۆسەی ڕێکخستن بۆ چالاکیی سیاسی و بەتایبەت وەڕێخستنی خۆپیشاندان و ناڕەزایی گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات. ئەگەر پێش سەردەمی گشتگیریی ئینتێرنێت، ڕێکخستنی سیاسی پڕۆسەیەکی کات گر بوو و زیاتر لە چوارچێوەی کاری شانە و گرووپەکانی ناو شارەکانەوە دەکرا و لە باشترین حاڵەتدا شار یان ناوچەیەکی بەرتەسکی دەگرتەوە، ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم هەلە زێڕینەیان ڕەخساند کە لە ئاستێکی زۆر بەرین و هاوکات لە چەندین ناوەندەوە کاری ڕێکخستن و خۆ سازدان بە خێراییەکی بێوێنە پەرە بستێنێت. کۆماری ئیسلامی باش دەزانێت کە ڕێکخستن گرینگترین ئامرازە بۆ بەرەوڕووبووبەوەی دەسەڵاتەکەی. هەربۆیە هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی جەماوەری تەنانەت لە ئاستی گرووپی هونەری و ئەدەبیشدا تەحەمول ناکات و هەوڵ دەدات هەرجۆرە ڕێکخستنێک هەر لە یەکەمین هەنگاوەکاندا لەبار ببات. داخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک ئامرازی سەرەکیی ئەمڕۆی کاری سیاسی لە ئێران، هەر لەم پێناوەدایە. پەرەسەندنی ناڕەزایی و خۆپیشاندان لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ئێران، بە بەشداریی زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، ناکارامەیی دەزگای سەرکوتی حکوومەتی بۆ کاربەدەستان ئاشکرا کردووە. هەربۆیە دەسەڵات پەنای بردووەتە بەر دوایین تیری ناوکەوانەکەی و هەوڵ دەدات بە دابڕینی خەڵک لە جیهان و هەروەها پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، داهاتوو خۆی مسۆگەر بکات.

هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە:

"کۆمەڵە" تەسلیمی هیچ گوشارێکی کۆماری ئیسلامی نابێت

ئامادەکردنی:
سەیران مستەفازادە

عەلی شەمخانی بەرپرسی باڵای شووڕای ئاسایشی نەتەوەیی لە دیدارێک لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق سەبارەت بە چالاکی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان داوای لەحکومەتی عێراق کرد، کاری جدیتر بکات بۆ دەرکردنی گروپ و کۆمەڵە نەیارەکانی ئێران لە کوردستانی عێراق . هاوڕی عومەری ئێلخانیزادە سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دواین وتوویژی خۆی کە لە لەگەڵ دەنگی ئامریکا لە وڵامی عەلی شەمخانی، باس لەوە دەکات کە ئەم هەوڵانەی ئێران تازە نیە و پیشووترییش لە لایەن لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی عێراقەوە ئاگادارکراونەتەوە کە لە سنورەکان بکشێننەوە و چەک بکرێن ئەوەش داواکاری و فشاری ئێرانە لەسەر لایەنە کوردستانیەکان و حکومەتی هەرێم، دەشڵێت ، ئێمە ناکەوینە ژێر ئەو فشارانە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکامان لەو فشارانە ئاگادارکردۆتەوە .»

لەسەرەتای وتوویژەکەدا سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد بەو کرد کە لە زەختەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لایەنە سیاسیەکانی عیراق ئاگادارین و لەو ڕووەوە وتی» بەڵێ لەمیژە ئێران هەوڵی ئەوە دەدات، گوشارەکانی لەسەر دەوڵەتی عێراق هەیە، وە زۆر لایەنیش لە دەوڵەتی عێراقدا کە لایەنگری ئێرانن ئەو داوایەیان بووە یان ئەو داخوازیەیان کردووە تەنانەت لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش قسەیانکردووە چ ئێران چ ئەو گروپانە، من پێموایە ئەوە تازە نییە و ئێران هەوڵەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە بەتایبەت دوای هاتنە سەرکاری (ڕەئیسی) بۆ لێدانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەروەک کە چۆن لە ڕۆژنامەوان و چالاکوانی سیاسی لەدەرەوە ناگوزەرێت، گومانێک نییە لەعێراقیش هەوڵدەدات کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کز و لاواز بکات تائێستاش لەو بابەتەوە هیچ دریغیەکی نەکردووە لە تیرۆر و کوشتار و کاری دزێوەوە بیگرە ئێران کردویەتی هەتا فشاری سیاسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بۆ سەر عێراق.»

لەلایەن حیزبەسیاسیەکانی کوردستانەوە پێیان وتین داخوازی ئێرانییەکان ئەوەیە کە ئێمە گوشار بۆ ئێوە بێنین یان چەک بکرێن یان دور بخرێنەوە لە سنورەکان، دیارە ئەوان نەچونەتە ژێرباری ئەو گوشارانە چونکە کورد لە هەرێمی کوردستان ئەگەر ئەو کارە بکات وەک ئەوە وایە بەتەشوێ لەپیشەی خۆی بدات، ئێمە هەلومەرجی هەرێمی کوردستانمان لەبەرچاو گرتووە، ئێمە کە لەهەموو کۆسپ و کەند و گرفتەکانی ئەو گەلەدا لە هەرێمی کوردستان بەشداریمان کردووە و پشتیوان بووین لە کاتی سەختیدا، لەکاتی خۆشی و ئەوانەدا پشتگیریمان لێکردوون، بە بۆچوونی من حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران زۆر ڕیشەیان هەیە لەناو بزوتنەوەی کوردیدا و کۆمەڵە و حیزبەکانی دیکەش، ئەوە کارێکی ئەستەم و زەحمەتە بۆ هەرێمی کوردستان.» هاوڕێ عومەر لە بەشێکی دیکەی وتەکانی جەختیکردەوە» هەرئێستاش هێزمان لە سنورەکان هەیە دیارە هەموو هێزەکەمان لەوێ نییە بەشێک لەبارەگاکانمان لەناو هەرێمی کوردستاندا لەوێشەوە ئێمە کردەوەیەکی چەکداری ناکەین، ئەسڵ و بنەڕەتی هێزی ئێمە لەناوەوەی کوردستاندایە .» سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان وەک لایەنە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان ناکەونە ژێڕ فشاری ئێران لەو ڕووەوە وتی» نەخێر ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئەو داواکاری و فشارانە قبوڵ ناکەین، وە ڕوو دەکەینە هەموو گەلی کورد ڕوودەکەینە هەموو دنیا، لەپەیوەندی نێونەتەوەیی خۆمان کەڵک وەردەگرین، حکومەتی ئێرانیش لەو ئاستەدا نابینم کە ئێستا بتوانێت ئەو کارە بکات بەپێچەوانەوە لەو گوشارانە و لەو کێشانەی کە هەیانە لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئەوە ئەوانن دەبێت دەسەڵاتیان لە سوریا و لە عێراق و لە لوبنان کەم ببێتەوە نەک دەسەڵاتیان زیاد بکرێت بۆیە چ هۆکارێک هەیە، هەرێمی کوردستان بچێتە ژێرباری ئەو گوشارانە؟ یا ئێمە چ وەک کۆمەڵە و چ وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران قبوڵی ئەوە بکەین؟ بێگومان دژایەتی هەرچەشنە بڕیارێکی وا دەکەین و لەبەرامبەریدا ڕادەوستین.» هاوڕی عومەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا هەڵوێستتان چی دەبێت ئەگەر فشارەکان چونە بواری کردارییەوە؟ لە وەڵامدا وتی» ئەوە شتێکە لە کاتی خۆیدا دەتوانین باسی بکەین، لەدرێژەی پرۆسەکەدا و لە ململانێی تەرازووی هێزدا ئەوە دیاریدەکرێت. چونکە من چاوەڕوانی ئەوە دەکەم پشتیوانی خەڵکی هەرێمی کوردستانمان لەگەڵدایە، پشتیوانی زۆرێک لە کاربەدەستانی دڵسۆز و حیزبەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستانیشمان لەگەڵە،کارێکی ئاسان نییە وەک ئەوە وایە هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە چەک بکەن و قۆناغی دواتری دەبێتە ئەوە، واتە ئاسان نییە.»

هاوڕی عومەر لە وڵامی پرسیارێک کە ئایا تا ئێستا ئەو جۆرە فشارانەتان لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا باس کردووە کە ئێران لە ڕێگای عێراق و هەرێمی کوردستانەوە لە ئێوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەکات؟ وتی» بەڵێ ئێمە نەک ئێستا پێشوتریش ئەوانەمان لەگەڵ باسکردوون لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەی ڕۆژئاوا چ ئەورووپیەکان چ ئەمەریکا کە دواجار قازانج و بەرژەوەندیان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بەلایەنەوە گرنگە کە هەرێمی کوردستان چی لێدێت، داهاتووی ئێران چۆن دەبێت بەڵێ ئێمە لەگەڵ هەموو ئەولایەنانە قسەمان کردووە.» هاوڕێ عومەر لە درێژەی وتوویژەکەدا و لە وڵامی ئەو پرسیارە کە وەڵامی ئەو وڵاتانە چی بوو بۆ ئێوە؟ وتی» ئەوان بێگومان دژی ئەو سیاسەتانەی ئێرانن بەڵام لەم بابەتەوە ئەوان ڕاستەوخۆ هیچ شتێک ناڵێن جارێ گوێیان لێ دەبێت و لە ئێستا دا خەریکی وتووێژن لەگەڵ دەوڵەتی ئێران پێموانییە ئەو وتووێژانەشیان بە ئەنجامێک بگات لەوەی کە دەیبینین.»

ڕادیۆ دەنگی ئامریکا لە درێژەی وتووێژەکەدا دەگەڕیتەوە سەر دواین وتووێژەکانی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا و لە ئەگەری ئەوەی ئەو وتووێژانە ئاکامیان هەبێت ڕێککەوتنە ناوەکییەکە جارێکی تر بوژایەوە، هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی چی دەبیت وتی « ئەو وتووێژانە بەهەر ئاکامێک بگات، ئێران خۆی حکومەتێکی پڕ لە ئاژاوە و دوبەرەکی و کێشەی هەیە، دەسەڵات و خەڵک یەکجار

لەسەرەتای وتوویژەکەدا سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد بەو کرد کە لە زەختەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لایەنە سیاسیەکانی عیراق ئاگادارین و لەو ڕووەوە وتی» بەڵێ لەمیژە ئێران هەوڵی ئەوە دەدات، گوشارەکانی لەسەر دەوڵەتی عێراق هەیە، وە زۆر لایەنیش لە دەوڵەتی عێراقدا کە لایەنگری ئێرانن ئەو داوایەیان بووە یان ئەو داخوازیەیان کردووە تەنانەت لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش قسەیانکردووە چ ئێران چ ئەو گروپانە، من پێموایە ئەوە تازە نییە و ئێران هەوڵەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە بەتایبەت دوای هاتنە سەرکاری (ڕەئیسی) بۆ لێدانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەروەک کە چۆن لە ڕۆژنامەوان و چالاکوانی سیاسی لەدەرەوە ناگوزەرێت، گومانێک نییە لەعێراقیش هەوڵدەدات کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کز و لاواز بکات تائێستاش لەو بابەتەوە هیچ دریغیەکی نەکردووە لە تیرۆر و کوشتار و کاری دزێوەوە بیگرە ئێران کردویەتی هەتا فشاری سیاسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بۆ سەر عێراق.»

...بۆ ل ٥

دڕێژەی لاپەری ٤

زۆر لەیەک جیابونەتەوە، دەبینرێت لەو دوو بۆ سێ ساڵەدا کۆبونەوەی جەماوەری بەدژی ئەو ڕژێمە بووە، لە داهاتووشدا پەرەی پێدەدرێت، ئێمە هەمیشە حسابمان لەسەر ناوەوە و ئامادەیی خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان کردووە لە دژایەتی لەگەڵ حکومەت و خەباتیدا بۆیە پێموانییە ئەو وتووێژانە کاریگەریەکی وەهای بێت کە ئێران بتوانێت لەو قۆناغەی تێیدایە ئەو ماوەی قەیراناوی و ماوەی ئاڵۆزیدا تێپەڕ بکات هەم ئابوری ئێران داتەپیو و داڕمیوە هەم هێزی نیزامیەکەی ئەو هێزە نییە تەنانەت لە کەرەستە و تۆپ و تانک و فڕۆکەوە هەمووی کۆن و بەکارنەهاتووە، هەروەها پیشەسازی گەورەی توشی داڕمان و ڕوخان و لەکارکەوتوویی بووە هەم کێشەی ناوخۆیی یەکجار زۆرە و هەم ناڕەزایەتیەکان لەدژی هەیە.»

هاوڕێ عومەر ئەوەشی وت» ئێمە وەک لایەنە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران پشتیوانی خەڵکی کوردیمان لەناوخۆی ئێران هەیە، لەو ساڵانەدا بەچەندین جار نیشانماندواوە داوای مانگرتنی گشتیمان کردووە، ئەو ڕۆژەی کە ئێمە داوای مانگرتنی گشتیمان کردووە تەنانەت خەڵک توانای نەبووە شقارتەیەکیش بکڕێت!»

هاوڕێ عومەر لە وڵامی پرسیارێک سەبارەت بە پێوەندی حیزبەکان لە گەڵ نەوەی نوێی کوردی ئێران لە کاتێکدا کە حیزبەکان حزووری ئاشکرایان لە ڕۆژهەڵات نییە و ئایا ئەمە گرفتی دروست نەکردووە بۆ حیزبەکان ، وتی» بێگومان ئەو گیروگرفتی دروستکردووە بەڵام نەوەی نوێ لەگەڵ نەوەی کۆن لە پەیوەندیدایە، ئێمە ئەگەر لەوێ ماوین بیروڕا و ئامانجی خەباتمان هەر ماوەتەوە لەناو خەڵکدایە ئێمە بەشی زۆری ڕێکخستن و کارو چالاکوانانمان لەناوەوەن، وە گرفتێک نییە لەم بابەتە ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەیتوانیووە ببێت، ڕێکخستن و خەباتی مەدەنی هەموو ئەوانەی لەگەڵ نەوەی نوێیش گرێ داوەتەوە.»

هاوڕێ عومەر لە وڵامی پرسیارێک کە ئاماژەیان بە وتەکانی د.فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق کردوە کە باس لەوە دەکات کە «قبوڵی ناکەین لە خاکی عێراقەوە هیچ هێرشێک بکرێتە سەر ئێران.» وتی» ئێمە چالاکی نیزامیـ سەربازیمان ڕاگرتووە، چەندین جاریشە ئەوە دەوترێت، ئەگەر چالاکیەکیشمان هەبووبێت لەناوەوە بووە، ئێمە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە وەک (کۆمەڵە) یەکجاریش نەچووین

لەسەر سنور بۆنموونە پایەگاـ بارەگا و دامودەزگاکانی ئێران کۆبکەینەوە و لێیان بدەین خۆمان ڕەچاوی ئەوەمان کردووە.» لە کۆتایی وتووێژەکەی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا عومەری ئیلخانی زادە بە دوری زانی ئێران بتوانێت فشارەکانی بکاتە کردار و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی لەناو خاکی عێراق پێ چەک بکرێت لەو ڕووەوە وتی» من پێموانییە ئێران دەسەڵاتی لە پێشووتر زۆرتر بێت چ (ڕەئیسی) بێت چ (ڕەئیسی) نەهاتبێت ئەوان هەوڵی ئەوەیان داوە، ٦٠-١٥ ساڵە لە هەوڵی ئەوەدان، کاتێک زۆریش لە عێراق دەسەڵاتیان هەبووە وچ ئیستاش کە بەشێک لە شیعەکانی لە ئێران دوورکەوتونەتەوە، دەبینرێت. خەڵکی عێراقیش لەو خۆپیشاندانەی کە بوو لەدژی ڕژێمی ئێران دروشمیان دەدا، بۆیە من دەوڵەتی ئێران لەو جێگە و پێگەیەدا نابینم کە دەسەڵاتدارتر بووبێت یان دەسەڵاتدارتر بێت لە عێراق کە بتوانێت ئەو ئارەزووەی بەدیبهێنێت، وەکو باسمکرد پشتیوانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و بەشێکی زۆر لە هێزە سیاسیەکانیشمان هەیە.»

تێرۆر پێناسەی کۆماری ئیسلامییە

هەژار وەلیزادە

لە هەر کۆمەڵگایەکی ئەم گۆی زەویە هەن ئەوانەی بیرۆکەی جیاوازیان لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان هەیە لە وانەش سیاسەت و شێوازەکانی بەرێوەبەری وڵات و کۆمەڵگا کە لەسەرتای شارستانیەتەوە تا ئێستا بە هەزاران بیرۆکە و تئۆری و ئایدیالۆژیان لە خۆ گرتوە. پەیرەوانی هەر فکرێک حەوڵی گونجاندنی ئایدیا و بیرۆکەی خۆیان لە بەرێوەبردنی وڵات دا دەدەن. وڵاتانی پێشکەوتووی بۆ نمونە ئامریکا و فەرانسە ڕێوشوێنی جیاوازیان وەک هەڵبژاردنی دەورەیی یان بەرێوبەری ماوەی بەکار دێنن تا هەموان بە پێ لایانگرانیان بەشدارلە بەرێوەبردنی وڵاتەکەیان بن.بەڵام ئەم کراوەیە لە هەمو دەوڵەتان بەدی ناکرێت و ڕێژیمێکی دیکتاتۆری ئێران ڕێگە نادات جگە لە پەیرەوانی بەیتی ڕێبەری (خامنەیی) هیچ دەسەڵاتێکی دیکە بوونی هەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش هەر چەشنە ڕێگایەکیان گرتۆتە بەر وەک تێرۆر و لەناو بردن.

تێرۆر بە مەبەستی ترساندن و تۆقاندن و لابردنی دژبەران و جیابیران یەکێک لە کردەوە هەرە نامرۆڤانەکان بەئەژمار دێت. ئەم کردەوە قیزەونە بەدەستی جینایەتکاران و دیکتاتۆرانی سەردەمی کۆن و نوێ، یەکێک لە ئامرازەکانی پاوانخوازی و پاراستنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری وناڕەوایە .ئەگەر چاوخشاندنێک بە مێژووی تێرۆر یا کرنۆلۆژی ڕووداوەکانی تێرۆر لەجیهاندا بکەین، کەم نموونەی وەک ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە بەرچاو کە بەو شێوەیە بە دژی دژبەرانی لە ئامرازی تیرۆر کەڵکی وەرگرتبێت، یان ئەگەر بەشێوەیەکی تر بڵێم کەمتر تێرۆر وەک چەکێک بەو شێوە سیستماتیکە لە لایەن دەوڵەتەوە بەکار هێنراوە.

تیرۆر زیاتر چەکی تاقمی مافیا و جینایەتکاران یا گرووپی بچووکی سیاسی و ئیدئۆلۆژی رادیکاڵی بووە هەتا سیاسەتی دەوڵەتێک، لە کۆماری ئیسلامیدا گرنگتر لە سیاسەتی پەروەردە و تەندروستی و پیشەسازی و ئاسایشی هاوواڵتیان کە کۆڵەکەکانی دەوڵەتمەدارین، تێرۆر و تۆقاندن بە مەبەستی لابردنی جیابیران وەک سیاسەتی سەرەکیی ڕژێم بە شێوەیەکی سیستماتیک لە بەرزترین ئۆرگانی دەوڵەتییەوە تا بچووکترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردندا بە فەرمی کاری بۆ دەکرێت.

تەنانەت بە ڕادەیەک ئەو بابەتە لە نێو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا جێی گرتووە، کە بە ئاشکرا پێشوازی لە ئازادکرانی تیرۆریستییەکان دەکرێت ونە تەنیا جیاوازیەک لە نێوان تێرۆریستێک کە لە دادگاکانی جیهانیدا حوکم دراوە،لەگەڵ قارەمانێکی ئولەمپیک کە دەگەڕێتەوە وڵات نابینرێت، بەڵکوو بایەخی زیاتریش بە تێرۆریستەکە دەدرێت، تەنانەت ئەو کەسانە لە پۆستە هەرە باڵاکانی سیاسی و تەشریفاتیدا دادەندرێن.

لێرەدا چەند هۆکارێک بۆ دەست ئاوەڵایی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تێرۆر و ئەنجامی تێرۆر بە شێوەیەکی سیتێماتیک دەبینرێت. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە دڕندەیی و جەنایەتکاریی ڕژێم هەروەها بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووریان بۆ وەرگرتنی باجێکی زۆر لە بەرانبەر سەرپۆشدانانیان و بێدەنگی کردن هەروەها هەندێک وڵاتی دیکە وەک عێراق بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی وڵاتیان لە کردەوە تیرۆریستییەکانی یان دەستێوەردانە زیانبەخشەکانی ئێران لە ناو خاک و وڵاتی خۆیان بێدەنگی سەبارەت بە تێرۆرەکانی ئێران هەڵدەبژێرن.هەشن هەندێک لایەن سەر بە ئێران وەک حەشدی شەعبی وحیزبوڵای لووبنان و حەماسی فلەستین کە ڕێژیمی ئاخوندین لە سەرخستنی تێرۆرەکانی دەروەی هاریکاری دەکەن و ڕێگا خۆشکەرن.

بەڵام ئەوەی زیاتر لەو ڕۆژانە وەک دیاردەیەکی مەترسیدار لە هەرێمی کوردستاندا سەری هەڵداوەتەوە و نیگەرانیدروست کردووە،تێرۆری مووسا باباخانیە کە ئاماژەیە بۆوەی مەکینەی تێرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران دوبارە بە هاتنی گەورە جەڵادی ئێران وەکار کەوتۆتەوە .

پێش ئەوەی بچمە سەر ئەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ چیبکەن،دەبێ ئەو مەترسییە بۆ حکوومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەسنیشان بکەین.

یەکێک لە خاڵە جەوهەری و سەرکەوتووەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمنییەت و ئاسایشی ئەو هەرێمەیە کە گەورەترین تێرۆریستی جیهان داعشی بەزاند. ئەگەر ئەو خاڵە جەوهەرییە وا لەرزۆک ببێت کە هەر ڕۆژێک لە سوچێکی ئەو هەرێمەدا ئازادیخوازێک ببێتە ئامانجی دەستی چەپەڵی تێرۆری ڕژێمی ئێران، ئەوە یەکێک لە کوڵەکە هەر بنچینەییەکانی هەرێمی کوردستان واتە ئاسایش و ئەمنییەت نامێنێت، کە هەموومان قوربانیمان بۆ داوە هەریەکەو بە شێوەیەک، بۆیە دەبێت حکوومەتی هەرێم زیاتر لە هەموو لایەک بە دوای ئەوە بێت ڕێکارێک بۆ پێشگیری لەو تێرۆرانە بگرێتە بەر.

ئێمە وەکوو هێز و لایەنی ڕۆژهەڵاتی دەبێت باشترین ڕێگا بۆ بەرگری و پێشگیری لەو جۆرە تێرۆرانە بگرینە بەر چون ئەرکی خۆپارزییەکەمان لە بنە ڕەت دا لەسەر شانی خۆمانە، ئەویش وێڕای پتەو کردنی ئاسایش و ڕێکاری پێویست، دەبێ یەکڕیز و هاوئاوهەنگتر لە جاران بەشی بەرچاوی چالاکییەکانمان بگوازینەوە بۆ نێوخۆی وڵات و پایەکانی حکوومەتی داگیرکەری لە هەموو کاتێک زیاتر بکەینە ئامانج. چوونکە ناتوانین لە بەرانبەر هێرشە ناجوانمێرانەکانی دوژمن بێدەنگ دابنیشین. دەبێ هەمووی ئەو تێرۆرانە وێڕای دێکومێنت کردنی، بە ئاگادارییی دونیا و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بگەیەنین، وێڕای ئەوەی کە دەزانین وڵامی ئەوان بەدڵی ئێمە نەبێت، یان لە ئاستی پێویستدا نەبێت، بەڵام دیسان وەک ئەرکێکی بەشی دیپلۆماسی و دیپلۆماتەکانی شۆڕش دەبێ ڕەچاو بکرێت. لە هەموو گرنگتر دەبێ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە هەموو چین و توێژەکانییەوە لە بەرانبەر بە ناحەق و ناجوامێر ئامانج کردنی ڕۆڵە نەبەزەکانی بێدەنگ نە بێت. دەبێ لە نێوخۆی وڵاتەوە بە هەموو شێوەیەکی گونجاو وەدەنگ بێن، لە هەر دەرفەت و کەلێنێک ببنە پاڵپشتی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازان بۆ ڕزگاری کۆتایی. ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە چەندین جار نیشانمان دا کە دەتوانین پایەی زوڵم و زۆرداری بلەرزێنین. ئێمە باش دەزانین هەر کردەوەیەکی تێرۆریستی و پەرەسەندنی ئەو کردەوانە لە کات و ساتی ئێستەدا کە بەرەو بەهاری تێکۆشان و خەبات دەڕۆین و لەلایەکی تر تۆکمەتر لە جاران خەریکی خۆڕێخستنەوەی خێرا و پێشکەوتوو و سەردەمیانەین،دەبینە هۆکاری ترسی لەبڕانەهاتووی دوژمنان وهەروەها ئەمەش بێهێزی دەسەڵاتی ڕێژیم لە بەرانبەر ئازادیخوازان دەسەلمێنێت. هەر بۆیە وڵامدانەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە کاتێکدا کە کۆماری تێرۆر و تۆقاندن ڕەوای دواین هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لەدەست داوە، دەتوانێت بەرەو ڕزگاریی کۆتاییمان لەم ماوە زەمەنیەی لەپێشماندایە ببات.

رۆژهەڵاتی کوردوستان مێژوویەکی پڕشنگدارو ئاسۆیەکی گەش..!

عــەزیز یاجیکەند

بەشی یەکەم

ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ، ئەو مانگە پڕ شکۆیە لە خەباتی زۆرلێکراوانی ئێران بوو کە تیدا لاپەرەیەکی نوێ لە مێژوی پر لە شانازی ئەوان هەڵدرایەوە . کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بە دژی ڕژیمی گەندەڵی پاشایەتیی و بنەماڵەی دیکتاتۆری پەهلەوی بەرز کردەوە و بە هیوای دابین کردنی داهاتوویەکی گەش و ئازاد شۆڕشێکی بەربڵاویان ڕێک خست و کۆتایی یان بە دەسەڵاتی ڕژیمی شا هێنا. دیارە ئەم شۆڕشە بەرهەمی ناڕەزایەتییەکی پەنگخواردووی پتر لە چەند دەیەی پێشی گەلانی ئێران بوو کە بە درێژایی ئەم مێژووە هەر دەم لە ژێر گوشاری بێ ڕادەی دەسەڵاتداران و دەست و پێوەندەکانیان دا بوون و هیچ داهاتوویەکیان بۆ خۆیان و بنەماڵەیان و وڵاتیش بەدی نەدەکرد.

لە مانگی ڕێبەندادا خەڵکی نارازی بە هیوای گەیشتن بە ئازادی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی باشتر و ئینسانی ڕاپەڕین و شەپۆلەکانی شۆڕش لە ماوەی یەک ساڵدا سەرتاسەری ئێرانی داگرت و بەم جۆرە ماشێنی دەوڵەتیی ڕژیمی پەهلەوی لە ئاکامی ئەو ڕاپەڕینەدا کەوتە بەر هێرشی بێ بەزەیانەی جەماوەری ڕاپەڕیو و تێکشکا و هەر ئەوەش کۆتایی بە تەمەنی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران هێنا.

لەوەها ڕۆژانێکدا و بەر لەوی بە تەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی نەحسی ڕژیمەکەی محەمەد ڕەزا شا بێت و ڕێک لە ١٢ی مانگی ڕێبەندان، ڕێبەری ڕەوتی ئیسلامیی لە شۆڕشی ١٣٥٧، لە تەبعیدەوە بۆ وڵاتی ئێران دەگەڕێتەوە. هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی خۆمەینی ، دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانانی بە تەواوەتی بە سەر ئێراندا زاڵ بوون و ئامانجیشیان ئەوە بوو کە لە ڕیگای ئەرتەشەوە ڕێگەخۆشکەری بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییەکان بکرێت و بەم شێوەیە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەرتەش و بە نفوزێک کە لە نێو ڕیزەکانی ئەرتشدا هەیان بوو دەیانهەویست شەپۆلەکانی شۆڕش لە هەموو گۆشەو کەناری ئێران کونترۆڵ بکەن. هەڵبەت ئەوە تەنیا بەشێک لەو ستراتێژیە بوو کە ئەوان ڕەچاویان کردبوو، بەشەکەی دیکەی کە بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو ، جێخستن و داسەپاندنی خومەینی وەک ئالترناتیڤی ڕژیمی پاشایەتی بە سەر بیروڕای گشتی خەڵکی ئێراندا بوو. ئامانجەکەی خۆمەینی تاڕادەیەکی زۆر وەدی هاتبوو، کەوابوو دەبوایە مەشخەڵەکانی شۆڕش خامۆش بکات. بەڵام وەدی هاتنی ئەم ئامانجەش ئامرازی تایبەت بەخۆی پێویست بوو. خومەینی، ستراتێژیی خۆی بۆ خامۆش کردنی مەشخەڵەکانی شۆڕش، هەنگاو بە هەنگاو بەکردەوە دەرهێنا. فریوکاریی خومەینی و پەردەپۆشی نیازیی ڕاستەقینەی لە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگا، ئەو دەرفەتەی پێدا تا خۆی بۆ سەرکوتی نیهایی و یەکجاریی شۆڕش ئامادە بکات. گرنگترین شت بۆ خۆمەینی ئەوە بوو کە لە سەرەتاوە کارێک بکات کە دەستی دەخاڵەتی دەرەکی لە ناوخۆی ئێران کەم کاتەوە تا بە سەرئێشەیەکی کەمتر بەرەو شەری نەیارانی بروات و وپێگەی دەسڵاتی خۆی لە ئێران قایمتر کات . خومەینی و هاوبیرانی باشیان دەزانی کە لە گۆشەو کەناری ئێران خەڵکان و نارازیانێک هەن کە ئەو و دەسەڵاتەکەیان ناوێ و خوازیاری هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی سکۆلارو خەڵکین . خۆمەینی خۆی دژی دیمۆکراسی و ئازادی بوو کەواتە دەبوو کەش هەوایەک لە ئێران زاڵ بکات کە دەوڵەتەکەی بێکێشە بکات.

خەڵکی کوردوستان هەر لە هەمان سەرەتاوە دژی خۆمەینی و داروودەستەکەی بوون و ئەوانیان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانی . هەر بۆیە لە یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی خۆمەینی ، ئەو موقاومتە شۆڕشگێرانەیە کە لە دژی ڕژیمی پێشوو دەستی پێکردبوو لە وەستان نەکەوت و بە شێوەیەکی شلگیرانەتر بە پانتایی هەموو کوردوستان دەستی پێکردەوە . ئەو خەباتە لەکوچە و کۆڵانی شار بە بەشداری ژنان و پیاوان و لاوانی شۆڕشگێڕ وەجوڵە کەوتەوەو تا گرتن و دەسبەسەر داگرتنی پادگان و ناوەندەکانی سەربە دەوڵەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو درێژەی کێشا .

بەم شێوەیە دەسپێکی نوێی بزوتنەوەی سیاسیو شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویی لەکۆمەڵگای کوردستان ، خوێنێکی تازە کردە جەستەی کۆمەڵگای کوردستان و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند و گەشەی دەکرد. گەشەی ئەو بزوتنەوەیە و ملکەچ نەبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان لە مەر بڕیارەکانی دەسەڵاتی تازە و بە چۆک دا نەهاتنی ، زیاترو زیاتر خومەینی و هاو بیرانی تووڕە دەکرد. بۆیە ئەوان دەبوایە بیرێک لەم بارودۆخە نوێیە بکەنەوە.

بۆ ئەم مەبەستە یەکەم جەلەسەکان و دانیشتنەکانی خۆیان لە تاران لە دژی خەڵکی وەگیان هاتوی کوردوستان دەستپێدەکەن . تیغی قینی جەلادە بە دەسەڵات گەیشتووەکان بە ئامانجی پێکهێنانی کەش و هەوای ترس و وەحشەت لە سەرجەم کوردوستان و پتەوکردنی بناغەکانی ڕژیمێک کە خەریکی بنیاتنانی بوون، کەوتە کار. یەکەم سەرکوت و یەکەم ئێعدامەکان دەستیان پێکرد. خومەینی ڕاستەخۆ فەرمانی کوشتاری دەرکرد و سادق خەڵخاڵی وەک یەکەم قازی شەرعی ڕژیمی ئیسلامی، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم فەرمانە دیاری کرا. بەزویی دەرکەوت کە ئامانجی بەهیچ شێوەیەک بەڕێوەبردنی دادپەروەری دەرحەق بە نەیارانی شۆڕش و کەسانی سەربە ڕژیمی پێشوو نەبوو. بەڵکوو خومەینی دەیهەویست خەڵکێک کە پێشبینی دەکرد گوێ بەفەرمانەکانی نادەن و دەبنە کۆسپی سەر ڕێگای سەقامگیریی ڕژیمە ئیسلامیەکەی، چاوترسێن بکات. بەم شێوەیە کوشتارەکان دەستیان پێکردوو بەشێکی زۆری کوردوستانیش میلیتاریزە کرا و بۆ گرتنەوەی تەوای کوردوستانیش لە ئامادەباشی دابوون .

خەڵکی کوردوستان لە یەکەمین هەنگاوی بوێرانەی خۆیاندا ، بریاریان دا زەبرێکی کاریگەرو ددانشکێن لە جەستەی کۆماری ئیسلامی بدەن . باشترین دەرفەتیش بۆ ئەم هەنگاوە وەڵام دانەوە بە کردەوەیەکی فریوکارانە و نوومایشێکی ساختەی خومەینی بوو کە کاری بۆ مەشروعییەت پێدانی زیاتری خۆی دەکرد و هەوڵی دەدا دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خۆی بە سەر هەموو ئێراندا بکێشێ . دەرفەتە زێرینەکە بۆ خەڵکی کوردوستان ١٢ی خاکە لێوەی ساڵی ١٣٥٨ ، واتا ڕۆژی « گشت پرسی لە خەڵکی ئێران « بوو . خەڵکی کوردوستان وێرای گشت گەلانی ئێران لە بەرانبەر دوو وشە قەراریان گرتبوو . ئەویش « ئەرێ یا نا « بە کۆماری ئیسلامی ، بوو . کە خەڵکی کوردوستان وشەی دوهەم و دروشمی « نا « یان هەڵبژارد و مشتێکی پۆڵایین و هەڵوێستێکی بە تەواو شۆڕشگێرانەیەن لە بەرانبەر کردەوە قیزەونەکەی خومەینی ، لە خۆ نیشان دا . بەم شێوەیە و بەم هەلوێستە و بەم وەڵامە ددانشکێنە ، هاوسەنگی هێز لە تەوای کوردوستان گۆڕاو سەنگەری موقاومەت و بەرخۆدان کەوتە قۆناغێکی نوێ و کۆماری ئیسلامیش وەک ماریکی زامدار بوو بە دوژمنی سوێند خواردوی خەڵکی کوردوستان .

کۆچی مێژوویی مەریوان (بەهێزترین خەباتی مەدەنی ، بەهیزترین یەکدەنگی ، بەهێزترین ئیرادە)...!

خەڵکی کوردوستان ئیتر لە بەرەی شەر دابوون و دوژمنەکەشیان دەوڵەتێک جینایەتکاربوو کە خۆی لە هیچ جینایەتێک

نەدەپاراست و بەردەوام لە هەوڵی پیلانگێڕی دا بوو کە ژەهری خۆی بڕێژێ و تۆلە لە خەڵکی کوردوستان بکاتەوەو بە چۆکیان دا بێنێ . خەیاڵی دوژمن خاو بوو ، چۆن خەڵکی کوردوستان بریاریان دابوو کە دژی داگیرکارییەکان ئەم ڕژیمە هەڵوێست بگرن . لیرەدا بوو کە بیرۆکەی کۆچێک لە قوژبنێکی کوردوستان و لە شاری مەریوان ، خۆی گەڵاڵە دەکات تا وەک بزوتنەوەیەکی مەدەنیانەی نارازی دژ بە هەموو پیلانگێڕیێ دوژمنکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ، خۆی نیشان بدات . ئیتر لێرەدا خەڵکی کوردوستان بە بریاری ژیرانەی ڕێبەرێکی کارامەی خۆیان واتا کاک فوئادی هەمیشە ڕێبەر بریاری کۆچێک دەدەن کە تا بە ئەمرۆش وێردی سەر زمانی هەموو پیرو لاوێکە.... ئەم کۆچە ڕۆژی ٣١ی پوشپەری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دژی سیاسەتی داگیرکاری ڕژیمی ئیسلامیی لە حەرەکەتێکی مێژووییدا لە ناو دڵی شاری مەریوان دەسپێدەکات و لەئوردوگای کانی میران لەنگەر دەخات .

لە سەرەتادا کاک فواد و هاورێیانی دەستیان کرد بە دامەزرانی ئەنجومەنی شار، گوند، گەڕەک و پێکهاتەکان، خەباتی مەدەنی ژنان و کرێکارانیان دامەزراند، ئەم ئامادەکاریانە هەموو هەوڵ بوون بۆ بەرنگاری بەرانبەر بە دەسەڵاتێک کە بڕیار بوو هێرش بکاتە سەر کوردستان، لە کۆچی مێژوویی شاری مەریوان دا، ڕژێم بەنیاز بوو چەک لە خەڵک بستێنێتەوە و بارەگاکان لە ناو شارە کوردەکان بەهێز بکاتەوە، کاک فواد لەگەڵ شاندێک لە نوێنەرانی ئەنجومەنی شار دانوستانیان لەگەڵ بەرپرسانی ڕژێم کرد و ڕایانگەیاند باشترە بارەگاکان لە سەرباز چۆڵ بکرێن ئەوان نەیانکرد، کاک فواد لەو کاتەدا پێشنیارێکی مێژوویی دا بە خەڵک و وتی، ئەگەر ئەوان شار چۆڵ ناکەن ئێمە شارەکە چۆڵ دەکەین، تەواوی خەڵکی مەریوان لەسەر داوای کاک فواد شاریان چۆڵ کرد و لە کانی میران چادریان هەڵدا کە کەوتبووە ١٣ کیلۆمەتری شاری مەریوانەوە، ئەوکات ڕێپێوان لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ

...بۆ ل ٦

درێژەی لاپەڕی ٦

بەشداربوون لە کۆچی مێژوویی خەڵکی شارەکە دەستیپێکرد، خەڵک لە سنە و سەقز و بانە و بۆکانەوە دەستیان کرد بەرێپێوان بەرەوە مەریوان، دەنگ دانەوەی ئەو کۆچە لە ئاستێکدا بوو کە پلەبەرزترین بەرپرسانی رژێمی ئێران هاتنە سەر مێزی دانوستان، مستەفا چەمران، یەک لە فەرماندە پلەبەرزەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ شاندێک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵە دانیشتنێکی چەند رۆژەدا پاشەکشەیان کرد و پاشان کاک فواد بە سەربەرزی پێشنیاری بە خەڵکدا بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان.

بێگومان جگە لە دۆخی ئەو سەردەمە و جگە لە بەستێنی مێژوویی ، کۆمەڵێک هۆکار دەستیدا بە دەستی یەکەوە کە خەڵکی مەریوان لە هاوینی ١٣٥٨دا بتوانن بە تێکڕا دژ بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە جووڵەیەکی ناپەزایەتیدا شار بەجێبهێڵین . بێگومان ئەم کۆچە یەکێک لە مۆدێرنترین شێوازەکانی بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکەردا بووە کە تا ئێستا خەڵکی کورد بە ئەنجامی گەیاندووە؛ یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرگرتنی کۆچی مێژوویی مەریوان پێوەندی بە ئەزموونەکانی پێشتری جووتیارەکانی مەریوانەوە هەبوو، جووتیارەکانی دارسێرانی مەریوان لە کۆتایی هاوینی ساڵی پێشتر(دە مانگ پێشتر لەو کۆچەی کە بە کۆچی مێژوویی ناسراوە،واتە ١٣٥٧) ئەزموونێکی لەو چەشنەیان هەبوو و دژ بە بڕیاری دادوەری رژیمی پاشایەتی و دەرەبەگەکان شاریان بۆ ماوەی دە رۆژ بە جێهێشت و بە سەرکەوتوانە توانیان داخوازییەکانی خۆیان بچەسپێنن.

ئاشکرایە کە کۆچی مێژوویی مەریوان ئەزموون و وانەیەکی کەم وێنەبوو لە سەرپێچیی مەدەنییانە و جەماوەریی لە بەرانبەر دەسەڵاتە سەرکوتگەر و سەرەڕۆکان، لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. ئەزموونێک کە شیاوی شڕۆفە کردن و هەڵسەنگاندنی ورد و لێ فێر بوون و ناساندنی زیاتریەتی بە جیلی نوێ و بە دنیای دەرەوەش. کاک فوئاد لە ئەندازیارانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوە پێشکەوتنخوازانە یە بە هەموانی سەڵماند کە ڕێبەرێکی جەماوەریی، تیژبیر و زانایە.

یەکیەتی جووتیاران و کۆچی مێژوویی مەریوان کە کاک فوئاد ڕێبەری دەکرد، یەکێک لەو چالاکییە سیاسیـ کۆمەڵایەتییانەیە کە لە مێژووی بزووتنەوەی کوردستان و تەنانەت لە ناوچەکەشدا بێ وێنەیە و تا ئێستاش وەک ڕەمزی خەباتی مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەناسرێت.

هێرشی رژیم بۆ سەر کوردوستان...!

٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستانە. ٤٢ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا کە هێشتا زیاتر لە چەند مانگ لە تەمەنی دەسەڵاتی تێپەڕ

منطقه کردستان
اطلاعات
بزرگ‌جریکی درخرمشهر
۴۰نفر درسنندج،مریوان وسقزتیرباران شدند

نەبوو، تەواوی ئەو ئیمکاناتەی کە لە رژیمی شاوە وەک میرات بۆی بەجێ مابوو، لە پێناو سەرکوتی جەماوەرێک لە کوردستان بەکاری هینا کە دەیانویست لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی خۆیان بەهرەمەند بن. کوردستان لە هەلومەرجێکدا کەوتەبەر شاڵاوی رژیمی ئیسلامی، کە دەورەیەکی چەند مانگەی ڕزگاری لە کۆت و بەندی دیکتاتۆری رژیمی پەهلەوییان تەجروبە دەکرد. حیزبە سیاسیەکان ئازادانە چالاکیان دەکرد، ڕێکخراوە مەدەنیەکان وردە وردە شکڵیان دەگرت، لە هەندێک لە شارەکان شوراکانی بەرهەمی خەباتی جەماوەریی، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵکیان بەدەستەوە گرتبوو، ڕێژەی جورم و جینایەت لەچاو تەواوی حەیاتی رابردووی ئەم کۆمەڵگایە، بە لانیکەمی خۆی گەیشتبوو. فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پێشرەو ڕەگاژۆی کردبوو و وشیاری و شعووری سیاسی گشتی، بە ئاستێکی بالا گەیشتبوو، ئیبتکار و خەلاقیەتی جەماوەریی بۆ سارێژ کردنەوەی خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو زامانەی کە دەسەڵاتی پەهلەوی لەسەر جەستەی کۆمەڵگا بەجێی هێشتبوو، کەوتبۆە کار و هەستی ئینساندۆستی و شور و شەوقی شۆڕشگێرانە، سەرتاسەری کۆمەڵگای داگرتبوو.

بەڵام لە هەمانکاتدا، نیگەرانی لەو مەترسیانەی کە لە کوردستان و لە ئاستی سەرتاسەریدا هەستیان پێدەکرا، وردە وردە پەرەی دەسەند. رژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش راپەرینی ٢٢ی ڕێبەندان، هێمای دزێوی مەبەست و ئامانجی راستەقینەی خۆی بە جەماوەر نیشان دابوو. چەند مانگ پێشتری یەکەمین بەهاری ئازادی خەڵکیان لە شاری سنە شەڵاڵی خوێن کردبوو، پیلان گێڕی، هەڕەشە و خەت و نیشان کێشانی بەردەوام، پشتگیری و بەهێز کردنی تاقم و گروپی کۆنەپەرەست و پشتیوانی لە پاشماوەکانی کۆنەپەرەستی دەرەبەگایەتی، نائەمن کردنی فەزای شارەکان لە ڕێگای جێگیر کردن و دامەزراندنی بنکەی چەکداری سەر بە رژیم، تەواوی ئەمانە زایەڵەی شوومی ئەو مەترسیانەی کە لە ڕێدا بوون، بە گوێی خەڵکی کوردستاندا چرپاندبوو.

دەنگی شۆڕشی ئێران لە کوردستانەوە دەبیسترێ...!

هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی رژیم بۆسەر کوردستان، ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە پلانەکانی خومەینی و هاوبیرانی بە مەبەستی تێکشکاندنی شۆڕشی ئێران و ناچار کردنی جەماوەری ڕاپەڕیو بۆ ملکەچ کردن لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی دا. هەر بەم هۆیەوە بوو کە ماشێنی تازەی سەرکوت بە خێرایی کەوتەوە کار و نە تەنیا هێزە سیاسیەکان، بەڵکوو تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کرانە ئامانج.هێرش بۆسەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژ بەشێک بوو لە پلانێکی سەرتاسەری بە مەبەستی وەرگرتنەوەی تەواوی دەستکەوتەکانی شۆڕش و سەرکوتی ئەو جەماوەرەی کە بۆ ڕزگار بوون لە دەست سەرەڕۆیی پەهلەوی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شیاوی ئینسان ڕاپەڕیبوون.جەوهەری ڕاستەقینەی حکومەتی مەزهەبی، زەوت کردنی ئیرادەیە لە ئینسان. لەم ڕووەوە ئەم رژیمە هەر لەبنەڕەتدا لەگەڵ ئازادی ئینسان بێگانەیە. خومەینی پێویستی بە دەرفەتێک بوو هەتا پایەکانی نیزامە ئیسلامیەکەی خۆی جێگیر بکات. بەڵام وجودی کەش و هەوای ئازاد دەرفەتێکی ئەوتۆی پێنەدەدا، تا ئەو کاتەی کە سروەی نەسیمی ئازادی لە هەر شوێنێکی ئێران هەستی پێدەکرا، ئەو بە ئاسودەیی خەوی لێندەکەوت. لە ڕوانگەی ئەوەوە ئازادی وەک ژەهرێک وابوو کە دەڕژایە جەستەی رژیمی ئیسلامیەوە.

خۆڕاگرییەکی پرژوبڵاو و ناهاوئاهەنگ لە بەرانبەر هێرشی کۆنەپەرستیدا لە هەموو شوێنێکی ئێران شکڵی گرت و رژیم نەیتوانی هیچ سەنگەرێک لە ئاستی سەرتاسەریدا بە ئاسانی داگیر بکات. بەڵام ئەم خۆڕاگریە لە کوردستان وەها جانانە بوو کە سەری کۆماری ئیسلامی تێیدا لەبەرد درا. ئەم خۆڕاگریە، دەنگی شۆڕشی ئێران بوو کە لە کوردستانەوە دەبیسترا و بە گوێی خەڵکی هەموو ئێران و جیهان دەگەیشت. ئەو خۆڕاگرییە لە ماوەی کەمتر لە ٣ مانگ دا خومەینی کێشایە پشت مێزی وتووێژ، تا ئەم جارەیان بە فێڵ و فریوکاری دەرفەتێکی گونجاو بەدەست بێنێت و بڵێسەی ئاگری ئەم بزوتنەوەیە دامرکێنێتەوە.

ئەم وتووێژە هەر وەکوو چاوەڕوان دەکرا بە هۆی نەسەلماندنی هیچ بەشێک لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن رژیمەوە، بە ئاکامێک نەگەیشت،کاتێک چەند مانگ دواتر رژیم هەستی بە ئامادەبوون کرد، سەرلەنوێ هێرشی نیزامی خۆی دەست پێکردەوە.

گەڕانەوەی دووبارەی هێزی پێشمەرگەی ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ شارەکان و پێشوازیی شکۆداری خەڵک و پەرەسەندنی چالاکیی سیاسی و پێکهاتنی شورا و ڕێکخراوەکان و هەروەها دەسەڵاتداریتیی خەڵک بەسەر چارەنووسیی خۆی، شکستی بە هێرشی کۆنەپەرستانەی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی ڕژیم هێنا و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی بردە قۆناخێکی دیکە لە خەبات و خۆڕاگری. خەڵک بە تایبەت لاوان، نوێترین شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگایان بەکار هێنا و لە زۆر شوێنی کوردستان بە شێوەیەکی سالم و دیمۆکراتیک کۆمەڵگایان ئیدارە دەکرد. ئەمنییەتی گەڕەکەکان بە یارمەتیی خەڵک دابین دەکرا. بڵاوکردنەوەی خۆراک و باقی پێداویستیەکانی دیکەیان ڕێکخست. خزمەتگوزاریی پزیشکی و دەرمانی دەستی بەکار کردەوە. مەدرەسە و ئیدارەکانیان کردەوە و کێشە و گرفتی خەڵکییان چارەسەر دەکرد و ئەخلاق و هەڵسوکەوتی ئینسانی لە هەموو بوارێکدا پەرەی پێدەدرا.

خەڵکی کوردوستان داواکاری ڕووخاندنی ئەم رژیمە بوون و لە هەولی خولقاندنی زەمینەکانی شۆڕشێک دابوون کە کۆتایی بە عومری پر لە جینایەتی بێنن.

بژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردوستان

مـــەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران

قەیرانێکی گۆماناوی لە هاوانا

ئاژوان .کرماشان

© Ismael Francisco/AP Photo/picture alliance

رۆژێک لە کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە سەرمایەداری و دەوڵەتانی لیبراڵ لە چەن هەفتەی پێشوو دوای زنجیرەیەک ناڕەزایەتی و تووڕەیی جەماوەریی شارەکانی هاڤانا و سانتیاگۆ و سان ئەنتۆنیۆ دی لویس بانیۆسی کە کووبای گرتەوە و بە سەدان کەس ڕژانە سەر شەقامەکان، چەپڵەیان بۆ خۆپیشاندەران لێدا. هۆی سەرەکی ئەم ناڕەزایەتیانە، کەمی خواردەمەنی و دەرمان و کەرەستە خاوەکانە کە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەی بە شێوەیەکی ترسناک خراپ کردووە! لە پاڵ ئەو هۆکارانەی سەرەوەدا تەشەنەسەندنی خێرای ڤیرۆسی کرۆنا خەریکە سیستەمی تەندروستی کووبا کە یەکێکە لە سیستەمە باشەکانی جیهان بەلادا دەخات.

کەمێک دوای خۆپیشاندانەکاندا، جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا، ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاوپشتی خۆی و حکومەتەکەی لەگەڵ "خەباتی کووباییەکان بۆ ئازادی" دەربڕی و دەوڵەتی کووبای وەک "مۆڵگەی تیرۆریستان" ناوبرد!

هەڵبەتە داگیرکردنی کووبا و خستنی سیستەمە سۆسیالیستییەکەی کاسترۆ نەک هەر خەوی باڵی ڕاستی کووباییەکانی فلۆریدایە بەڵکو ئومێدێکی دێرینی دەسەڵاتە یەک لەدوا یەکەکانی ئەمریکاشە. ئەوەتا یەکسەر لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند ڕۆژەی پێشودا کەناڵێکی ڕاستڕەوی وەک «ئێم بی سی» دەستی کردە کەمپینێکی گەورەی مێدیایی و خۆپیشاندانەکانی کووبای بە خۆپیشاندانەکانی کۆتایی هەشتاکانی لە دژی دەسەڵاتە کۆمۆنیستییەکەی لەهێستان شوبهاند.

کۆماریی خوازەکان زیاتر لە دیموکراتەکان تینووی ئەوەن کە ئەکشنێکی سەربازی لە دژی کووبا ئەنجام بدرێت، یەکێک لەوانە سیناتۆری کۆماری "مارکۆ ڕۆبیۆ"یە کە داوا لە سوپای کووبا دەکات لە رژێم هەڵگەڕێتەوە، یەکێکی تر لەو سیناتۆرانە " ئەنتۆنی ساباتینی" داوا دەکات کە سەرکردەکانی کووبا بە پەتا هەڵبواسرێن. سیناتۆر لیندسی گراهام کە ما وەیەک لە کوردستان وەک دۆستی کورد دەناسرا لە تویتێکدا دەڵێت: " مردن بۆ کۆمۆنیزم لە کووبا و لە هەر شوێنێکی تر لە جیهاندا"!

قایمقامی مەیامی کە ناوی "فرانسیس سوارێز"ە و سەر بە "کۆنتراکانی کووبایە" لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوزی ڕاستڕەودا داوا دەکات لە سوپای ئەمریکی بۆردومانی کووبا بکات و ئەمەش وەک "واجبێکی ئینسانی" ناو لێهێنا، بۆ ئەمەش نموونەی چوونەناوەوەی سەربازیی بۆ عێراق و پەنەما و یوگوسلافیی هێنایەوە کە ئەمریکیایەکان وەک واجبێکی ئینسانی و بۆ ڕزگاربوونی خەڵک پێی‌هەڵساوون!

ئەم ڕاگەیاندنەی قایمقامی مەیامەی تازە نیە چونکە مەیامەی بە درێژایی مێژووی شۆڕشی کووبا هەمیشە شوێنی هەموو ئەو کارانەیە کە لە دژی کووبا ئەنجام دەدرێت. مەیامەی مۆڵگەی هەموو ئەو سەرمایەدارە کووباییە سپی پێستانەیە کە سەر بە ڕژێمە فاشیستەکەی باتیستا بوون و لەگەڵ یەکەمین پریشکەکانی شۆڕشدا لەوێ ڕایانکرد و ڕوویان کردە مەیامەی. کاسترۆ لە شەستەکاندا بە کرمەکان ناوی بردن! ئەمانە لە دوای شۆڕش کووبایان بەجێهێشت و ئەمریکییەکان وەک هێزێکی دژە شۆڕش بەرامبەر کووبا بەکاریهێنان و تا ئێستاش بەکار دەبرێن.

لە وڵامی ئەو پرسیارە کە کێ بەرپرسی ئەو بارودۆخە ناڵەبارەی کووباییەکانە؟ بەشێکی زۆر لە خەڵک وەڵامی نادروست دەدەنەوە! پرۆپاگەندەی مێدیای باوی ڕاست لە ڕێی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وێنەی دۆزنانەوە بەرگێکی تەواو سیاسی دەپۆشنە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و پێمان پێدەڵێن کە کێشەکانی کووبا و بەدبەختی خەڵک لەو وڵاتە پەیوەندی هەیە بە کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ لە لایەن دەوڵەت، نەبوونی بازاڕە ئازادەکان، نەبوونی دیموکراسی، سەرکوتی سیاسی و نەبوونی پلورالیزمی پەرلەمانییە! ئەوان دەیانەوێت سۆسیالیزمەکەی کووبا دادگایی بکەن. بەڵام کەم کەس باسی ئەو جەنگ و گەمارۆ ئابووریە دەکەن کە ئەمریکییەکان لە ساڵی ١٩٦٠ەوە خستوویانەتە سەر کووبا و تا ئێستا بە ١،٣ تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت و کووبای هەمیشە لە موحتاجیدا هێشتۆتەوە. ئەگەر لە زەمانی جەنگی ساردا، کووبا توانبێتی کەڵک لە بازرگانی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت و بلۆکی خۆرهەڵاتدا وەربگرێت و کەمێک باری سەرشانی سووکتر ببێت ئەوا لەگەڵ کەوتنی سۆڤییەت و بلۆکی خۆرهەڵات ئەو بازرگانیەشی لەدەست دا. ئەمریکاییەکان نەک هەر ناهێڵن کۆمپانیا ئەمریکییەکان ئالۆگۆڕی ئابووری لەگەڵ کووبا بکەن بەڵکو هەر لایەنێک لە دنیادا ئەم کارە بکات ئەوا دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی ئەمریکاوە کە یان دەبێت لەگەڵ ئێمە ئەو کارە بکەیت یان لە بازاڕی ئەمریکا دوورتان دەخەینەوە.

سیاسەتی ئەمریکاییەکان بە کۆمارخواز و دیموکراتەکانەوە لە سەرەتای شەستەکانەوە بەرامبەر بە کووبا هەمیشە سیاسەتێکی دوژمناکارانە بووە، ئەوان پێیان وایە کە سیاسەتی گەمارۆی ئابووری دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تووڕەیی لە سیستەمەکەی کاسترۆ و لە کۆتاییدا شۆڕش بەرامبەر بە دەوڵەت. دوایت ئایزنهاوەر، سی و چوارهەمین سەرۆکی ئەمریکا لە سەرەتای شەستەکاندا سیاسەتی ئەمریکای بەرامبەر کووبا بەم شێوەیە ڕاگەیاند: " ..گەمارۆی ئابووری دەخەینە سەر کووبا و ئەمەش دەبێتە زیادکردنی فشار بۆ سەر حکومەتەکەی کاسترۆ و سەرەنجام هەڵسانی خەڵک بەرامبەر بە حکومەت و دەرکردنی کاسترۆ" ئایزنهاوەر و دەسەڵاتدارانی ئەمریکا خەتای شۆڕش دەخەنە سەر کووباییەکان کە چۆن هێشتیان دەسەلاتێکی کۆمۆنیستی لەو وڵاتەدا سەرهەڵبدات! تووڕەیی ئەمریکاییەکان لە کۆمۆنیزم و لە کاسترۆ لەو ڕوەوەیە کە دەسەڵاتی پرۆئەمریکایی باتیستایان وەلا نا کە کووبایان کردبووە و باخچەیەکی حەوانەوە بۆ سەرمایەدارە ئەمریکاییەکان و خەڵکی کووباشی لە نەخۆشی وهەژاریدا هێشتبووەوە.

> **نموونەی کووبا، نموونەی دەسەڵاتێکە لە خوارەوە، سیاسەت بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لەوێ لە ژێرەوە پیادە دەکرێت، هیچ کەمینەیەک ناتوانێت خاوەنی ژێرخانی سەروەت بێت و زۆرینەش لە برسێتیدا بنالێنن، لەوێ سەرەڕای ئابووریەکی گەمارۆدراوویی شەست ساڵە بەڵام هیچ کەس بێ خانوو نیە، هیچ کەس بێ بیمەی تەندروستی و پزیشکی نیە، دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان بۆ هەموان بەردەستە، خوێندن لە هەموو پلەکانیدا خۆڕاییە، لەوێ ئەنجومەنەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەسەڵاتیان هەیە، هەموو ئەم دەستکەوتانە لە ئێستای پەیوەندیەکانی سەرمایە لە دنیادا بە بوونی ئەو گەمارۆ شەست ساڵیەشەوە کە هەیە وەک خەو دێتە پێش چاو.**

ئەو وڵاتەدا سەرهەڵبدات! تووڕەیی ئەمریکاییەکان لە کۆمۆنیزم و لە کاسترۆ لەو ڕوەوەیە کە دەسەڵاتی پرۆئەمریکایی باتیستایان وەلا نا کە کووبایان کردبووە و باخچەیەکی حەوانەوە بۆ سەرمایەدارە ئەمریکاییەکان و خەڵکی کووباشی لە نەخۆشی وهەژاریدا هێشتبووەوە.

ئەوەی کە کووبا بە دەست برسێتی و نەخۆشی و نەبوونیەوە دەناڵێنێت لە ڕاستیدا تاوانی دەسەڵاتە خەڵکییە سۆسیالیستیەکەی نیە بە مانای باو کە بەندە پێیوانیە کە ئەو دەسەڵاتە سۆسیالیستی بێت بەڵکو گەمارۆیەکی ئابووری زاڵمانایەی ئەمریکایە کە ٦٠ ساڵە ئەو دوورگەیەی خنکاندووە و ناهێڵێت هیچ ئالۆگۆڕێکی ئابووری لەگەڵ ئەو دوورگەیە ئەنجام بدرێت. ئەگەر پێشتر دەوڵەتێکی وەک ڤەنزوێلا دەیتوانی کۆمەکی نەوت و گاز بکات بە کووبا بەڵام ئێستا ئەویش خۆی لە ژێر هەمان فشاردایە کە کووباییەکان بە دەستییەوە دەناڵێنن، تەنانەت ئەو کۆمەک و یارمەتیانەی کە کووباییەکانی ئەمریکا دەیانناردبۆ کەسوکاریان، بە بڕیارێکی ترامپ ئەویش قەدەغەکرا.

ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لەسەر زاری بایدنەوە خەمی خەڵکی کووبا دەخۆن بێجگە لە درۆیەک هیچی تر نیە، ئەگەر ئەوان ڕاست دەکەن با ئەو گەمارۆ ئابووریە لەسەر کووبا لابەرن و ڕێگە بدەن خەڵکی کووبا خۆیان چارەنووسی سیاسی خۆیان دیار بکەن! ئەگەر خەڵک لە دەست سۆسیالیزمەکەی کاسترۆ ناڕازین، بۆچی دەبێت بۆ ئەوە سزای ئابووری بدرێن؟ ئەگەر لیبرالیزمی ڕاست پێیوایە کە سۆسیالیزم مردووە و لە گۆڕنراوە، کەواتە گەمارۆکەتان لابەرن و بهێڵن خەڵک ڕێگەی ئازادیەکانی خۆی بەبێ فشاری ئێوە بدۆزێتەوە!

ئەوەی لە کووبا ڕوودەدات تووڕەیی خەڵکێکە کە بێزارە لە گەمارۆ و کەمی خواردن و پێداویستیەکانی تری ژیانیان و لە خاڵێکدا ناچارن ئەو تووڕەییەی خۆیان خاڵی بکەنەوە، ئەوان داوای ڕوخانی دەوڵەت ناکەن وەک ئەوەی کە میدیای درۆزنی ڕاست و بۆرژوازی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئاخر هەر پێش دوو ساڵ لە ٨٠٪ ی خەڵک دەنگیان دایەوە بە سۆسیالیزم لەو وڵاتەدا.

پێش چەند ساڵێک چەند هەزارێک لە کووبا هەڵهاتن و ڕوویان کردە کەنارەکانی مەیامەی، کەناڵی سی، ئێن، ئێن بە پەڕۆشەوە چووە ناویان و پرسیاری هۆی هەڵاتنەکەیانی لێکردن، هیچ کەسێک لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا باسی ئەوەی نەکرد کە لە دەست "نەبوونی دیموکراسی" و سەرکووت ڕایانکردووە، بەڵکو هەموو ووتیان کە ئێمە لە دەست دۆخێکی ئابووری سەخت ڕامانکردووە و هۆکەشی گەمارۆکەی ئەمریکایە نەک دابەشکردنی ناعادیلانەی سەروەت لە کووبادا!.

نموونەی کووبا، نموونەی دەسەڵاتێکە لە خوارەوە، سیاسەت بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لەوێ لە ژێرەوە پیادە دەکرێت، هیچ کەمینەیەک ناتوانێت خاوەنی سەروەت بێت و زۆرینەش لە برسێتیدا بنالێنن، لەوێ سەرەڕای ئابووریەکی گەمارۆدراوویی شەست ساڵە بەڵام هیچ کەس بێ خانوو نیە، هیچ کەس بێ بیمەی تەندروستی و پزیشکی نیە، دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان بۆ هەموان بەردەستە، خوێندن لە هەموو پلەکانیدا خۆڕاییە، لەوێ ئەنجومەنەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەسەڵاتیان هەیە، هەموو ئەم دەستکەوتانە لە ئێستای پەیوەندیەکانی سەرمایە لە دنیادا بە بوونی ئەو گەمارۆ شەست ساڵیەشەوە کە هەیە وەک خەو دێتە پێش چاو.

لابردنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کووبا، خواستێکی هەر ئینسانێکە کە دڵی بۆ ئازادی و عەدالەت لێدەدا.

شکستە یەک لە دوای یەکەکانی سوپای پاسداران

مانی مەلەک

سوپای پاسداران سازمانێکی نیزامیە کە چەن ڕۆژێک دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و حەوتی هەتاوی بە فەرمانی ڕیبەری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی واتە خومەینی دامەزرا کە لە چەند لەق پێک هاتبوو هێزی زەوینی هێزی ئاسمانی هێزی دەریایی هێزی قودس و بەسیج.

سوپای پاسداران لە سەرەتاوە وەک هێزێکی سەربازی کاری دەکرد و لە ژێر فەرمانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا بوو بەڵام لە دوای هەوڵی کودتای پادگانی نۆژەی هەمەدان کە تایبەت بوو بە هێزی ئاسمانی ئەرتەشی ئێران سەرکردەکانی سوپا وردە وردە دەستیان گرد بە سەر ئەرتەشدا و فەرماندە باڵاکانی خۆیان لە جێگەی فەرماندەکانی ئەرتەش لە سەرانسەری ئێران دانا و بەو جۆرە بوون بە خاوەن و دەسەڵاتداری ئەرتەش.

سوپای پاسداران کە لە چەند لەق پێک هاتبوو سااڵنە زۆرترین بەشە بودجەی لە لایەن مەجلیسی شۆرای ئیسلامیەوە بۆ تەرخان دەکرا کە بەشێکی زۆری بودجەکە لە لایەن فەرماندەکان و بڕیاردەرانیەوە تەرخان دەکرا بۆ کاری تێکدەرانە و ئاژاوە نانەوە لە دەرەوەی سنووردکان و بە تایبەتیش ڕۆژهەاڵتی نێوەراست و وڵاتانی دراوسێی ئێران. بۆ ئەو مەبەستەش کەڵکیان لە سوپای قودس وەر دەگرت سوپای پاسداران جگە لەوانە دەستێوەردانی لە کار و باری ئابوری ئێرانیش کرد و بەشێکی زۆر لە کارخانە ، بانک ، مۆڵ و سەهامەکانی ناو بازاری خستە ژێر سوڵتەی خۆی و بەو جۆرە پارەیکی زۆری جگە لە بەشە بودجەکەی بە دەس دەهێنا. پاش چەن دەیە لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی سوپا توانیبووی هێز و پارێکی زۆر بە دەس بێنێ لە چەن وڵات بە ناوی یارمەتیدانی هەژاران و هێزی نیشتمانی چەندین گروپی تیرۆریستی وەک خۆی پێک هێنابوو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی بە کارەکانی دەدا بەڵام لەگەڵ هاتنە سەر کاری دەوڵەتی ترامپ لە ئەمریکا و خستنە ناو لیستی تیرۆری ئەو ڕێکخراوەیە و ناساندنی وەک هێزێکی تیرۆریست و تێکدەرەوە لە لایەن سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکاوە دەسەاڵتی سوپا لە ناوچەکە زۆر کورت بووەوە هەر وەها بە کوژرانی قاسمی سلێمانی سەرکردەی فەیلەقی قودس لە لایەن ئەمریکاوە گورزێکی کوشندە لەو ڕێکخراوەیە درا. پارەکانی سوپا بلۆکە کرابوون و بە هۆکاری بە تیرۆریست ناسینیەوە چیتر نەیدەتوانی وەک رابردوو کاری تێکدەرانە و تیرۆریستیەکانی لە ناوچەکە بە ئاسانی ئەنجام بدا یەکێکیتر لە هەوڵەکانی سوپا بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی، ناردنی هێز و داگیرکردنی ناوچەیک لە وڵاتی سووریا لە ژێر ناوی شەڕ لە دژی داعش بوو بە درێژایی ئەم سااڵنە ئەو پرۆژە هیچ دەسکەوتێکی نەبووە و تەنیا نمایشێکی شکست خواردویی نیزامی بووە تەنانەت دەیان جار لە لایەن ئیسرائیلەوە هێرش کراوەتە سەر ئەو شوێنانەی کە سەرباز و ئەفسەرەکانی سوپا تێدا نیشتەجێ بوون و دەیان کەسیان لێ کوژراوە و سااڵنە میلیۆنها دۆلار بۆ مانەوەی ئەو هێزە لە سوریا و پشتیوانیی دەسەاڵتی دژە خەڵکیی بەشار ئەسەد کە هاوپەیمانی حکوومەتی ئێرانە سەرف دەکرێت.

لە پاش ئەو شکستانە و بێدەسەاڵتکرانی سپای تیرۆریستیی پاسداران لە جەبهە و شوێنی جۆراوجۆر، ئەو ڕێکخراوەیە پەنای بردووەتە بەر شەڕی سایبێری و بەو مەبەستەش لقی لە ناو سپا پەرەپێداوە کە بە ئەرتەشی سایبێری ناسراوە و بوودجەیکی بەرچاوی تەرخان کردووە بۆ بار هێنان و دامەزراندنی هاکێرەکان. ئەو ئەرتەشە وەکوو بەشەکانی دیکەی سپای پاسدارانی خەرکی کاری تیرۆریستییە بەڵام لە شێوازێکی دیکەدا کاتێک هاکێرەکانی سپا دەست دەبەن بۆ زانیاری و شتی شەخسی مرۆڤەکان و شیرکەتەکان و دەوڵەتان جۆرێکە لە دزی و تیرۆر و درێژی سیاسەتی سپا لە هەموو سااڵنی تەمەنیدایە. بەر پرسانی سوپای پاسداران ئەم کردەوە قیزەون و دوور لە مرۆڤایەتیە وەک شانازی بۆ خۆیان ئەژمار دەکەن. لەم سااڵنەدا ئەرتەشی سایبێریی کۆماری ئیسلامی چەندین هێرشی ئەنجامدا بەڵام لە هیچکامیاندا سەرکەوتوو نەبوو هەر لەم ڕۆژانەدا بێژەرانی تۆڕی کۆمەاڵیەتی فەیسبوک ڕایانگەیاند زیاتر لە ٢٠٠ الپەڕەی فەیسبوکی تایبەت بە هەکێرەکانی سەر بە سوپای پاسدارانیان داخستووە کە لە هەوڵی سیخۆری لە سەر کارمەندانی ئەرتەش و هێزی ئاسمانی ئەرتەشی ئەمریکا بوون. ڕێکەوتی ٢٥ی پوشپەڕی ئەمساڵ واتە١٤٠٠ی هەتاوی ئەو هەواڵە لە لایەن تیمی لێکۆڵەرانی فەیسبوکەوە بااڵو کراوەتەوە کە بەشێک لەو هاکێرانە چەندین مانگ بۆ ڕاکێشانی سەرنج و بە دەس هێنانی متمانەی ئەو ئەرتەشیانە پەیوەندیان لەگەاڵیان هەبووە و ویستویانە لەو ڕێگایەوە برۆنە ناو ئیمەیل و شتە شەخسیەکانیانەوە و سیخۆڕیان لە سەر بکەن ئەو گرووپە لێکۆڵەرە ناوی هاکێرەکانیان ناوە پێستی کیسەڵ و ڕاشیان گەیاندووە لەو هێرش و پیالنەدا سەرمایەیکی زۆر لە لایەن سوپای پاسدارانەوە تەرخان کراوە. لە ساڵانی ڕابردووشدا هاوشێوەی ئەم جارە چەندین هێرش لە لایەن ئەم هاکێرانەی سەر بە سوپاوە ئەنجام دراوە لەوانە سایتەکانی رادیۆ زەمانە ، هەواڵنامەی ئەمیر کەبیر ، سایتی جێرس ، سایتی شەپۆلی سەوز .

ئەم پیالنەی سوپای پاسداران نەیتوانی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بپێکێ و لە کۆتایی هەر کام لە هێرشە سایبێریەکانی تەنیا شکستی بۆ ماوەتەوە. تەنیا کارێک کە سوپا کردویەتی ئەوەیە ماوەیک جارێ پارە ، سروەت و سامانی خەڵک و وڵات بۆ کاری تیرۆریستی و پرۆژە شکست خواردوو و قیزەونەکانی بە کار دەهێنێ و شکستیش دەخوات. لە کاتێکدا کە خەڵک لە خراپترین و سەختترین دۆخی ئابوری و کۆمەاڵیەتیدا دەژین سەرکردەکانی سوپای پاسداران سااڵنە میلیۆنها دۆلار خەرجی گرووپە تێکدەر و تیرۆریستیەکان لە سەرانسەری دنیا، هێرشی سایبێری، بەرنامەی شکست خواردویی مووشەکی، کەناڵ ،پەیج ، سایت و ڕۆژنامە و لەم بابەتانە بۆ پەرەپێدانی بیری ڕەشی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەکەن. چەن ساڵێکیشە خەرجێکی دیکەشیان پێ زیاد کردووە کە لە ڕێگای دەر هێنانی فیلم و دراما پڕلە چەواشەکانیانەوە وا نیشان بدەن کە گوایە سوپا دەسکەوتی گەورەی بۆ گەلانی ئێران بووە و پاڕێزەری ئەمنیەت و ئاسایشی وڵاتە، بەاڵم بە هیچ شێوەیک هیچکام لەمانە ناتوانن راستیەکان لە گەلانی ئێران و گەلانی دنیا بشارنەوە . ئەو راستیەی کە سوپا خوێنی هەزاران مرۆڤی بێ تاوانی لە ئەو پەڕی بێ ڕەحمی و بێ ویژدانیدا ڕژاندووە، ئەو راستیە کە لە هەر شوێنێکی ئێران دەنگێکی نارەزایی لە لایەن خەڵکەوە بەرز بێتەوە خێرا چەکدار و بە کرێگیراوەکانیان بە ئەو پەڕی بێ ڕەحمی و دوور لە مرۆڤایەتیە هێرش دەکەنە سەریان و بێباکانە و ڕاستەوخۆ تەقەیان لێدەکەن یان لێیان ئەدەن و دەنگیان کپ دەکەن. لەم دواییانەشدا لە پێش چاوی دنیا بە مووشەک لە فرۆکە ئۆکراینیەکەی دا و ١٧٦ مرۆڤی بێ تاوانی کردە قوربانی. بە هەزاران بەڵگە هەیە کە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە سوپای پاسداران لە سەرەتای دروست بوونیەوە تا ئێستا هیچ دەسکەوتێکی جگە لە نەهامەتی ، هەژاری ، ئاژاوە و کێشە بۆ خەڵکی ئێران و بگرە ناوچەکەش نەبووە. عەلی خامنەیی پشتیوانی سەرەکی سوپایە و ئەم ڕاستیە زۆر باش دەزانێت کە سوپای پاسداران پرۆژەیکی شکست خواردووە بەاڵم ئامادەیە ژیانی خەڵک و سروەت و سامانی وڵات بکاتە قوربانی خواست و ویستەکانی خۆی کە کۆتا ویستەکانی کردەوەی تیرۆریستی و کوشتنی خەڵکی بێتاوانە. لە ئیستادا بە خۆشحاڵیەوە سەرجەم قسە و باس و هەڵوێستەکانی سەرکردەی وڵاتان بە تێکرا ئەوە دەگەینێ کە بۆیان دەرکەوتووە سوپای پاسداران بە هەموو لەق و باڵەکانیەوە هێزێکی تیرۆریستیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەخریتە پەراوێزەوە و چیتر ڕێگای پێ نادەن بە ئاسوودەیی درێژە بەو کارانەی بدا

نۆرمالیزەکردنی توندوتیژی لە مێدیا

سولماز دوروودی

توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان بووەتە باسێکی بەرچاو و تەنها لە ناو ئەو رێکخراوانەی کە تایبەت بۆ ئەو مەسەلەیە کاردەکەن نەماوە بەڵکوو بووەتە باسێک کە لەناو زۆربەی خێزانەکان و شوێنی کار و... دەبیسترێت. ئاسان بوونەوەی دەستڕاگەیەشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری و بوونی سۆسیال مێدیا کاریگەریی باشی بووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەو بارەوەیە.

بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و هاوکات پەیدا کردنی رێگە چارەیەک بۆ کەمکردنەوە و لە ئاکامدا بەرگرتن بەو کارەساتە کۆمەڵایەتیە پێوسیتە شێوەکانی تووندوتیژی وەکوو جەستەیی، دەروونی، سێکسی، ئابووری و ئینتێرنێتی بەردەوام و بەوردی باس بکرێن و میدیاکان دەتوانن بەشێکی بەرچاوی ئەم هەوڵە بن. وەک چۆن لە باری نەرێنیشەوە دەوری بەرچاویان لەو نموونانە بووە کە باس کران.

بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ پەرەپێدان بە فەرهەنگی ئینسانی و رێزگرتن لە خواست و ویستی مرۆڤ یەکێکە لە ئەرکەکانی کۆمەڵگا. زۆربەی جار ژنان لە ئاکامی ئەوەی کە بە پێچەوانەی داواکارییەکانی دەوروبەریان بەتایبەت پیاوانێک کە ژن بە مووڵکی خۆیان دەزانن کارێک دەکەن، تووشی توندوتیژی دەبنەوە. دیارە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا توندوتیژی دژی ژنان پشتیوانیی ئایینی هەیە و یاساکانیش کە بە پێی ئایین داڕێژراون دۆخەکە ناڕەبارتر دەکەن و ژنانی قوربانی بێدەرەتانتر دەبن. توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت بە وڵاتە دواکەوتووەکان نییە. بەرچاوترین نموونە دەتوانین لە کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی فیلم دا ببینین. مێدیا و فیلمە بەناوبانگەکانی هالیوود سیستماتیک کۆنترۆڵکردنی ژنان لەلایەن پیاوان «جوان» نیشان دەدەن. بۆ نموونە کاتێک کوڕێک حەز بە کچێک دەکات و کچەکە پێی خۆش نییە لەگەڵی بێت، ئەوەندە کوڕەکە وازی لێ ناهێنێ کە بینەر ئەخاتە حاڵەتێک کە بەزەیی بە کوڕەکە بێتەوە لۆمەی کچە دەکەن کە چۆنە وەڵامی ئەو کەسە عاشقە ناداتەوە.

لەو فیلمانەدا ناردنی گوڵ، وەدواکەوتن و دەرکەوتن لە هەموو ئەو شوێنانەی کە کچەکە هەیە و کۆڵنەدان لە هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی دڵی لایەنی بەرانبەر وەکوو نیشانەیەکی خۆشەویستیی ڕاستەقینە دەردەخرێ و وشەی «نە» قەبووڵ ناکرێ و تەنها ویست و مەیلی لایەک گرینگی پێدەدرێ. تەنانەت زۆر جار دڵپیسی کردن وا نیشان دەدەن کە گوایە دلپیسی کردن بەشێکە لە خۆشەویستی.

لە وڵاتە ئیسلامییەکان بۆ نموونە لە ئێران فیلمەکان بەرهەمهێنەرەوەی فکری پیاوسارانەن و ئەو بیرە پەرە پێدەدەن کە ژن مووڵک و شەرەفی پیاوە یان مەسەلەی سیغە شەرعیەت پێئەدەن و ئەوەی کە ژن بە بێ ئیجازەی باوک، برا یان هاوسەر ناتوانێ سەفەری دەرەوەی وڵات بکات وەکوو دیاردەیەکی ئاسایی نیشانی دەدەن. ئەم نموونانە مشتێکە لە خەروارێک لەو شتانەی کە رۆژانە لە فیلم و زنجیرەکان نیشاندەدرێت و دەکرێتە کلتوور لە ناو کۆمەڵگا. زنجیرە و فیلمی کوردیش هەر بەهەمان ئاڕاستەدا ڕۆشتووە و لەژێر دەسەڵاتی کلتووری پیاوسالارانە دیالۆگ و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان دیاری دەکات.

هاوکات لە ناو رێکلام و زنجیرەکانیش بە ئاشکرا رۆڵی «ژنانە» و «پیاوانە» زەق دەکرێتەوە. دیارە ئەم حاڵەتە زۆرتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها ئامریکا بەرچاو دەکەوێت چونکە لە وڵاتانی ئوروپایی زۆر کار بۆ مەسەلەی هۆشیارکردنەوە ئەنجام دراوە و تا ڕادەیەکی زۆر پێشکەوتن لەو بوارەدا دەبیندرێ. هەموو ئەو فیلم، زنجیرە، کتێب، نووسراوە و شیعرانەی کە دڵپیسی بە خۆشەویستی نیشان دەدەن، کۆنترۆڵکردنی ژنان و «ئاگالێبوونیان» لە لایەن پیاوانەوە وەکوو پێویستیی ژن نیشان دەدەن یان وشەی «نە» لەلایەن ژنەکانەوە بە بێمانا دەنوێنن، پەرەپێدەر و وەبەرهێنەرەوەی فەرهەنگی پیاومەزنین و ئەرکی هەموو تاکێکی یەکسانیخوازە بەرانبەریان بووەستێت و هەوڵ بۆ سڕینەوەی ئەو ڕوانین و بیرە بدا.

چەن چەمک و وشەی بنەڕەتی لە خەبات بۆ یەکسانیدا

دواڕۆژ

فیمینیسم: جۆرێک لە جووڵانەوە یان لە ڕاستیدا گرووپێک لە بزووتنەوەیەکدایە کە بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لە نێوان جینسییەتەکاندا هەوڵ دەدا.

فیمینیست: کەسێک کە هەوڵ بۆ ئەو گۆڕانانە دەدا.

شەپۆلەکانی فیمینیسیم: مێژووی فیمینیسم زۆربەی جار بە سەر سێ شەپۆلدا دابەش دەبێ. شەپۆلی یەکەم پێش ١٩٦٠ بووە و ڕێگەی بۆ مافی دەنگدان، ئازادیی جلوبەرگ و مافەکانی دیکەی ژنان خۆشکرد کە ئەمڕۆ زۆر سادە و ساناون. شەپۆلی دووهەم دەسپێکی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینی بوو و هەوڵی بۆ یەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەدا بەڵام پێش هەموو شتێک هەوڵی بۆ مافەکانی ژنان لە بواری جینسی و باسی مافی بەرگرتن لە سکپڕبوونی نەخوازراو و ... دەدا کە ئەو شەپۆلە بەشێکی و لە بەشهایەکی جیهان هێشتا بەردەوامە. شەپۆلی سێهەم هاوشانی شەپۆلی دووهەم بوو و تێیدا مافی ئەو کەسانەی لەگەڵ جنسییەت و جنسە باوەکان و نۆرمالیزەکراوەکان نایەنەوە، گرینگیی پێدار. هەروەها باسی پەیوەندیی دەسەڵات و چۆنیەتیی کاریگەریی دەسەڵات لەسەر بێمافکردنی توێژە کەمدەسەڵاتکراوەکان، هاتەبەر باس. شەپۆلی سێهەمی فیمینیسم ڕەخنە لە خولقێندرانی جینسییەت دەگرێ و جیاوازیی جنسییەتی بە بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن.

ئینتێرسێکشونالیتی

شێوازێکی فیمینیستیی لێکدانەوەی کۆمەڵایەتییە کە تێدا ژن تەنها وەکوو ژن چاوی لێناکرێ و فاکتۆری دیکەش کە کاریگەرییان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ژندا هەیە، لێکدەدرێنەوە. بۆ نموونە دۆخی ژنێکی ڕەش پێستی کرێکاری هێمۆسێکسوێلی کەمئەندام لە بواری شوێنی لە هیرارکیی دەسەڵاتدا چۆنە؟ ئینتێرسێکشونالیتی بابەتەکانی وەکوو ئێتنیسیتە، تەمەن و چین هاوکات لەگەڵ جیاوازییە جنسییەتییەکاندا دەبینێ و کاریگەرییان لەسەر بێماف ڕاگرتنی ژنان لەبەرچاو دەگرێ.

جەندەر سیستم: ئەو تیۆرییەی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە پیاوان لە باری پلە و پایەوە لە ئاستی بەرزتر لە ژناندان.

کۆمەڵگای پیاو ـ باوکسالار: واتە کۆمەڵگای دامەزراو لەسەر بالادەستیی پیاوان. لە وەها کۆمەڵگایەکدا پیاوانی بەتەمەن دەسەڵاتیان بەسەر ژنان، منداڵان و پیاوانی لاودا هەیە. کاتێک باسی باوکسالاری دەکەین مەبەست ئەو بەشانەیە کە هێشتا تێیاندا پیاوان بالادەستن و کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ژنان هەیە.

ڕەخنە لە نۆرم: نۆرم شێوازێک لە دیاردەکانە کە زۆرینەی کۆمەڵگا بە گشتی لەگەڵیەتی، بۆ نموونە کەس بۆی نییە بە سەروچاوی کەسدا بپژمێ. بەڵام هەموو نۆرمەکانی نۆرمی باش نین و نۆرمی خراپ و ناڕەواش لە کۆمەڵگادا هەیە کە دەبێ ڕەخنەی لێبگیرێ و هەوڵ بۆ گۆڕینی بدرێ بۆ نموونە دیاری کردنی شێوازێکی تایبەتی و جیاوازی جلوبەرگ بۆ ژنان و پیاوان. ڕەخنە لە نۆرم شێوازێکە بۆ خستنە بەر دیدەی هەموو ئەو نۆرمە خراپانە و ئاگادارکردنەوە کۆمەڵگا لێیان بە مەبەستی گۆڕینیانە.

ڕەنگەکانی ئاڵای وڵاتەکەم

شارام وەحدانی

ئێستا کە ئەم بابەتە دەنووسم دەسەڵاتی ئێران لە دژوارترین دۆخی خۆیدایە وخەڵکی زۆرێک لە شارەکانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی ئیسلامی شەقامیان خرۆشاندووە، داخوازیی سەرەکیی خەڵک نەمانی ئەو دەسەڵاتەیە. پێویستە بوترێت کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، لە ئێران دوو شۆڕشی گەورە ڕوویان داوە، شۆڕشی مەشرووتە و ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی هەفتا و نۆی زایینی. دروشمی هەر دوو شۆڕشەکەش ئازادی، سڕینەوەی دیکتاتۆری و بەربەست کردنی دەسەڵاتی ڕەهای شاکان بوو کە خۆیان بە سێبەری خودا دەشوبهاند و دەسەڵاقتی ڕەهایان بوو بە سەر گیان و ماڵی خەڵکی ژێردەسەڵاتدا. بەڵام ڕەزاخان شۆڕشی مەشرووتەی خنکاند و بەرهەمی کۆتایی دووهەمین سەرهەڵدانیش بوو بە کۆماری ئیسلامی کە بۆ زۆرینەی خەڵکی ئێران کارەسات بووە و بۆ کورد زیاتر لە هەموان. جگە لە چەند بڕگەی کورت ئەم وڵاتە ڕەنگی ئازادیی بە خۆوە نەدیوە. دوازدە ساڵی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی مەحەمەدڕەزای پەهلەوی تا کودتا و ڕووخاندنی دەوڵەتی یاسایی دوکتور موسەدق، هەروەها مانگەکانی سەرەتایی دوای ڕاپەڕینی ڕێبەندانیی هەفتاو نۆ، ئەو دوو بڕگەیەن کە دەوەترێت لە بواری ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕادەربڕین لە مێژووی سەد ساڵەی ڕابردوودی وڵاتی ئێراندا بێ وێنەن. هەرچەند هەر لەو دوو دەورەشدا ئێران وڵاتێکی بە تەواوی مانا ئازاد نەبووە. بەڵآم مەبەست لە هێنانی ئەو پێشەکییە وتنی ئەو ڕاستییەیە کە وڵاتی ئێران لانیکەم سەد ساڵە کە ڕەنگی ئازادیی ڕاستەقینەی بە خۆوە نەدیوە، خەڵکی ئێران بە گشتی بیرەوەرییەکی ئەوتۆیان لە ئازادی، مافی مرۆڤ، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتی یاسا، یەکسانی و مافەکانی شارۆمەندی نییە و نەوە لە دوای نەوە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکاندا ژیاون و تەنانەت هەموو هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە سەربەستی و یەکسانی هەمووان لە بەرامبەر یاسادا بەرهەمەکەی بووەتە کارەساتێک بە ناوی دەسەڵاتی ئایینی و دۆخێکی پڕخراپتر لە جاران. جێگرەوەی پاشایەتی پەهلەوی بوو بە کۆماری ئیسلامی کە لە ناو دیکتاتۆرییەکانی مێژوودا سەرە و بێ هاوتا لە سەرکوتگەری و دواکەوتووییدا.

ڕەزاشا دوای ئەوەی بە دەسەڵات گەیشت هەوڵیدا وڵاتێکی بەڕەوالّەت مۆدێرن پێک بێنێت بەڵام مودێرنیزمەکەی بنچینەیی نەبوو و تەنیا لە ئاستی ڕاکێشانی ڕێگەی ئاسن و پیشەسازی و دابین کردنی ئاسایش بە زەبری چەکی ئەرتەشێکی تۆکمەدا مایەوە. سکۆلاریزمی پەهلەوی یەکەم و دووهەم ئەوەندە ناتەواو و ناساز بوو کە هەر دوای ڕووخانی پاشایەتی دەسەڵاتێکی ئایینی هاتە سەر کار. هەر چەند تۆێژینەوە لەو بابەتە زۆر دەخایەنێت کە چۆن بوو ئیسلامییەکان دوای ڕاپەڕین دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و ئایا دەست تێوەردانی دەرەکی زلهێزەکان بۆ ساز کردنی کەمەربەندێکی سەوزی ئیسلامی بە مەبەستی بەرگرتن لە پێکهاتنی دەسەڵاتێکی نزیک لە سۆڤیەت ئەویش لە سەردەمی شەڕی ساردا چەندە چارەنووس ساز بوو؟

دیارە شا، دەسەڵاتی پەهلەوی و ساواک بە ئاوەڵەکردنی دەستی ئیسلامییەکان بۆ سازماندان و ڕێکخستنی هێزی خۆیان و لە بەرامبەردا هەوڵی بێ باکانەیان بۆ لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ و تەنانەت لیبراڵەکانیش ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە خۆڵقاندنی تراژدیای بەدەسەڵات گەیشتنی خۆمەینی. هەروەها هەوڵ بۆ دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران لە سەر دوو بنەمای زمانی فارسی و ئایینی شیعە بە هۆی ئەوەی کە بەشی زۆری خەڵکانی دانیشتووی ئێران لە خۆ ناگرێت بێ ئاکام مایەوە. لە ڕاستیدا سەرەڕای هەر جیاوازییەک کە لە نێوان دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و دەسەڵاتی ولایەتی فەقێ وەدی بکرێت، یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانیان درێژەدان بەو ڕەوتە و بەردەوامبوون لەسەر پەرەپێدان بەو ناسیونالیزمە ئێرانییە بووە کە تا ئێستاش بەرگر بووە لە پێکهاتنی نەتەوەی ئێران و تاکی ئێرانی لە هەموو جێگەیەکی ئێراندا. هەر ئێستا هەست پێکردن بە ستەمی نەتەوەیی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی خەڵکی بەشێکی بەرین لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە دروستی داوای مافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن. دیارە کە کورد چ لە دەورانی پاشایەتیی پەهلەویدا و چ لە چوار دەیەی ڕابردوودا بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمە هەوڵی داوە و خەباتی بۆ کردووە.

بەختەوەرییەکی زۆر مەزنە کە خەباتی خەڵکی کوردستان تا ئێستاش سەرەڕای هەموو هەوڵی دوژمنانی ئەو بزووتنەوە ڕەنگی ئایینیی بەخۆوە نەگرتووە. بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان سەربەرزە کە هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامییەکانەوە تا ئێستا لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرەستەدا ڕاوەستاوە و بە بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، دێمۆکراتیک و ئاشتیخواز ناوبانگی دەرکردووە. بارودۆخی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا گرینگییەکی تایبەتیی هەیە و هەروەها ژنان لەو خەباتەدا ڕۆڵێکی یەکجار پۆزیتیڤ و بەنرخیان گێڕاوە. هێزی چەپ و بە تایبەت کۆمەڵە وەکوو ڕەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەر لە سەرەتاوە هاوتەریب لەگەڵ خەباتی چینایەتی بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوەییش تێکۆشاوە و هەر بۆیەش جێگە و پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا و فەراهەم کردنی دۆخێک بەری لە ستەمی ڕەگەزی و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لەو خەباتەدا گرینگی تایبەتی هەبووە. لەم سەردەمەدا باس لە ستەمی نەتەوەیی و شێوەکانی سڕینەوەی ئەو ستەمە لە ڕۆژهەڵایە. هەموو لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستان و تەنانەت لە نێو عەربەکانی خوزستان، تورکەکانی ئازەربایجان و لۆڕەکان و بەلووچەکان باس لە هەبوونی ستەمی نەتەوەیی دەکەن و لەسەر ئەوە کۆکن کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و ئەوان لەو سیستەمەدا مافەکانیان وەکوو شارۆمەندانێک کە فارس نین پێشێل کراوە و تەنانەت ئەگەری لێکترازان و پارچەپارچە بوونی ئێران لە دوای داڕمانی کۆماری ئیسلامی گەلێک دوور لە باوەر نییە. بەڵام ئایا تەنیا جیا بوونەوە، سەربەخۆیی یان وەدیهێنای شێوەیەک لە شێوەکانی خۆبەڕێوەبردن دەتوانێت زامی پڕ لە ئازاری خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش ساڕێژ بکات و ژنان لە ژێردەستەیی و ئەو دۆخە نالەبارەی کە تێیدان ڕزگار بکات و ژینگەی وێران دیسان ئاوەدان بکاتەوە و چارەسەرییەک بێت بۆ دیکەی کێشەکانی کۆمەڵگەی ئالۆز و پڕخەساری کوردستان یان ناوچەکانی دیکە؟ بێ گۆمان ئەوە شێوە و فۆرمی دەسەڵات نییە کە تایبەتی باش یان خراپی پێ دەبەخشێت بەڵکوو ناوەڕۆک و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە کە دەتوانێت باش یان خراپ بێت. بەو مانا کە سەربەخۆیی بە تەنیایی و خۆی لە خۆیدا چارەسەری ستەم نییە بەڵام دەتوانێت هەنگاوێکی مەزن بێت بەرەو ئازادی بۆ نەتەوەیەک.

دیارە بە هۆی جێگە و پێگەی پتەوی هێزی چەپ و بە تایبەتی کۆمەڵە لە کوردستان باسی یەکسانی، سڕینەوەی ستەم و توندوتیژی دژ بە ژنان، پاراستنی ژینگە، پرکردنەوەی کەلێنی چینایەتی و سکۆلاریزم لە خەبات بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی جیا نەکراوەتەوە و گرێدراوی یەکترن، هەر ئەوەش تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی بە بزووتنەوەی کوردستان بەخشیوە و بە هۆی ئەو ناوەڕۆکە پێشکەوتووە وەکوو بزوتنەوەیەکی پێشڕەو، مۆدێرن و ئازادیخواز ناوبانگی دەرکردووە و لە هاوشیوەکانی خۆی چەند هەنگاو لە پێشەوەیە. ئەگەر لە خووزستان باسی ستەمی نەتەوەیی دەکرێت کە پڕ ڕاستییە بەڵام جێگەی ژنان و داهاتووی ژنان لە ئەگەری سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئەلئەهوازدا ون و نادیارە، لە ئازەربایجان وبەلووچستانیشدا هەر بەو شێوە. هەروەها دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە سکۆلاریسم و جیایی دین لە دەسەڵاتی داهاتوودا یەکێک لە پرێنسیپەکانی جوواڵانەوەی ڕزگاریخوازایی کوردستانە کە بە تەواوی چەسپاوە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە لە دیکەی شوێنەکاندا بەدی ناکرێت. ڕەنگە هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا ئاماژەی پێکرا بۆ خۆێنەر بابەتێکی ئاشنا بێت و شتێکی تازە نەبێت، بەڵام ئەوەی کە نووسەری هاندا بۆ نووسین تەوەری یەکسانی و ئازادیی بوو. یەکسانی بۆ هەمووان دروشمێکە کە هەموو دانیشتوانی وڵاتێک دەگرێتەوە، بە بێ جیاوازی. کۆمەڵگەی دوێنێ و ئەمڕۆی مرۆڤایەتی کەسانێکی لە خۆ گرتووەکە بە هۆمۆسێکسوال یان هاوڕەگەزخواز ناسراون. ئەگەر هەموو ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا لە ناوەڕۆکی بزووتنەوەی کوردستاندا هەن و باسێکن لە ڕۆژهەڵدا، باسی هۆمۆسێکسوالەکان یان پەلکەزێڕینەکان پشتگوەی خراوە یان زۆر بە کەمی لەسەر دواون. ئەگەر بە دەگمەن کەسێک جەختی کردووەتە سەر ئازادیی مرۆڤەکان لە خۆشەویستندا و باسی لە مافی هاو ڕەگەزخوازەکان کردووە بە توندی هێرش کراوەتە سەری و بێدەنگ کراوە. ئایا دەتوانین نەتەوەیەک بە ئازاد بزانین لە کاتێکدا کە بە پێچەوانەی وڵاتانی ئازاد و مۆدێرن کە تێیدا مرۆڤەکان ئازادن لە چۆنیەتی ژیان و خۆشەویستن، بە بیانووی کەلتوور و فەرهەنگ مافی خەلکانێک پێشێل بکەین و گفتوگۆ لەسەر مافی ئەوان بڤە بێت؟ سەرەتاییترین تایبەتمەندی وڵاتێکی ئازاد، ئازادیی تاکەکان لە هەڵبژاردنی خۆشەویست و خۆشویستنە. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەک تەنانەت یەک کەس لەگەڵ هەڵاواردن و ستەم بەرەوڕوو بێت ئەو کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکی ئازاد نییە. هەن کەسانێک کە دەنووسن و دەڵێن: پرسی سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستان چ پەیوەندییەکی بە پرسی ناو گەڵەوە هەیە؟ دیارە ڕستەیەکی پەتی و بێشەرمانەیە. بەڵام لە وڵامدا دەبێت بپرسین ڕۆژانە چەند ژن و کچ هەر بە بیانووی پاراستنی ناموس و شەرەفی پیاو دەکوژرێن؟ کێ دەزانێت ڕۆژانە چەندین کەس تەنیا بە هۆی ئەوەی وەکوو ئێمە نین و هاو ڕەگەزی خۆیان خۆش دەوێت لەگەڵ هەڕەشە و مەرگدا دەستەو یەخەن؟ لە کاتێکدا کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا تەنانەت لە کلیساکان مرۆڤەکان لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان پەیوەندی هاوسەرگیری دەکەن یان لە وڵاتێک وەکوو سوئێد، تەنانەت وشەیەکیان داناوە بۆ کەسانێک کە خۆیان نە بە پیاو دەزانن و نە بە ژن. کۆمەڵگەیەک ئازادە و ڕزگار لە ستەم کە کەس تێیدا نەچەوسێتەوە و مافە سەرەتاییەکانی پێشێل نەکرێت. ڕەنگەکانی ئاڵای وڵاتەکەم کاتێک جوانن کە هەموو ڕەنگەکان لە خۆی بگرێت. وڵاتی من کاتێک ئازاد دەبێت کە لە چەوساندنەوە و هەڵاواردن بە هەر بیانوویەک بەری بێت.

ناڕەزایەتی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵکی ئێران

پەری.م-سنە

گڕی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی جەماوەری زەحمەتکێشی خەڵکی ئێران لە هەموو چین و تۆژێکەوە بڵێسەی سەندووە. فشارە ئابووری و سیاسییەکان زیاترە لەوەی کە خەڵک بتوانێت بەرگەی بگرێت. چیتر بەردەوام بوونی ئەم بارە نامۆمکێنە. خۆپیشاندان وخەبات دژی ئەو سیستەمە کە زۆر سەختی و فەلاکەتی بە دوای خۆیدا هێناوە بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. توڕەیی و نفرەت لە چینی حاکم سەرتاسەری ئێرانی داگرتووە. لەگەڵ دژوارترین بارودۆخی مادی و بژێویدا، کرێکاران هەموو ڕۆژێک لە شار مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و ڕێپێوان، خۆپیشاندان و گردبونەوەی ناڕەزایەتی ئەنجام دەدەن. ماوەی پتر لە سێ هەفتەیە دەیان هەزار کرێکاری نەوت و گاز و پترۆشیمی لە مانگرتندان. خانەنشینان بەردەوامن لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان. گرووپی جۆراوجۆری مامۆستایان ڕووبان کردووەتە مانگرتن و گردبونەوەی ناڕەزایەتی.

پەرستاران لە ژمارەیەک لە شارەکان دا گردبونەوەی ناڕەزایەتیان ئەنجامداوە و داوای چاکبوونی بارودۆخی کار و گوزەرانیان و زیادکردنی مووچە و نەهێشتنی جیاکارییان کردووە. کۆمەڵێک پزیشک داوای لەکار لادانی وەزیری تەندروستیان کردووە. هەروەها ناڕەزاییەکان تا ئاستی بەرهەمهێنەرە بچووکەکان بڵاوبوونەتەوە. جوتیار و خاوەن کێڵگەکان ناڕەزایی خۆیان لە سیاسەتەکانی ڕژێم بۆ شارەکان و بۆ پارێزگاکان ڕاکێشا. لەگەڵ دووبارە بووونەوەی کوشتاری خەڵکی ئێران لە ئەنجامی شکست و بێتوانایی ڕژێم لە کۆنترۆڵکردنی قایرۆسی کۆرۆنا، نەبوونی قاکسین و درۆ یەک لە دوای یەکەکانی بەرپرسانی حکومەت، سیستمی چاودێری تەندروستی لە ناو خەڵک دا بووەتە ئابڕووچوونی سەدان جارەی حکوومەتی ئێران لە جیهاندا. ڕووداوێکی بێ وێنە ڕوویداوە و کۆمەڵێک ئێرانی بۆ ڕزگارکردنی ژیانیان و دەرزی کوتان گەشتی وڵاتانی تر دەکەن. ژمارەی ئەو شارانەی کە تەنانەت خەڵکی لە ئاوی خواردنەوە بێبەشن بەردەوام لە زیادبووندایە و ئەوەش ناڕەزایی زۆری لێ کەوتەوە کە لە هەندێک شار و ناوچە دا هێشتا درێژەی هەیە .

بەڵام ئەوەی بە تایبەتی ژیانی ڕۆژانەی گشتی لە گەرمای هاویندا تێکداوە ئەو خامۆشی یەک لە دوای یەکانی کارەبایە کە ژیانی گشتی ئیفلیج کردووە و توڕەیی و ناڕەزایی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێناوە. لە هەندێک شار دژی بێ کارەبایی خۆپیشاندان ئەنجامدراوە و خۆپیشاندەران دروشمیان دژی ڕێبەران و بەرپرسانی ڕژێم و دەسەڵات وتووە.

هەموو ئەم ناڕەزایەتیانە ڕەنگدانەوەی توڕەیی و ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ئێرانە بەرامبەر بەو سەرکردانەی کە چوار دەیەیە ئەو وڵاتەیان تاڵان کردووە. هەموو ئەم خۆپیشاندان و کەمپینانە کە تەنیا سێ هەفتە پاش تەحریمە مەزنەکەی خەڵک بۆ هەڵبژاردنەکەی سەرۆکۆماری ڕژێمەوە ڕووەدات و توورەیی و ڕقی خەڵکی ئێران لە بەرامبەر ئەو نیزامە کۆنەپەرستەی کە لە ئێران زاڵە، نیشان دەدات .

هەموو ئەوەی لەم ماوە کەمەدا ڕوویداوە و هەندێک نموونەش باسکرا ، ڕەنگدانەوەی ئەو قەیرانە سیاسییە قوڵەیە کە بەرۆکی کۆمەڵگای ئێرانی گرتووە. ئەم قەیرانە لەسەر ئەو هەلومەرجە کە ئەم نەڕێتیە ئابووریە سۆسیۆلۆژیەی کە هەیە هەڵواسراوە کە لە ئەنجامی چڕبوونەوەی تەزادی گشتی ئەم نەزمە ، بە بنبەست گەیشتووە و چینی حاکم هیچ ڕێگای بۆ دەرەوەی نییە. بارودۆخەکە بەردەوام بەرەو خراپتر بوون دەڕوات و کۆمەڵگایش بەرگەی نەماوە. بە ڕوونی دیارە کە ژیانی کرێکاران و ڕەنجدەرانی ئەم وڵاتە زۆر دژوار بووە و ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ژێر هێڵی هەژاریدان بەرز بووەتەوە، بێکاری بەردەوام زیادی کردووە .هەر ڕۆژە هەڵئاوسان بەرزدەبێت و ڕۆژانە نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەرزدەبنەوە و پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک کەم و گرانتر بووە .

نرخی خانوو بەو ڕادەیە زیادی کردووە کە چیتر ملیۆنان کەس توانای دانی کرێی قورسیان لە شارەکاندا نییە و پەنایان بەرەو ناوچە پەراوێزخراوەکان بردووە. ئامارە فەرمیەکان بازدانێک لە ژمارەی خەڵکی پەراوێزخراو لە ئێران نیشان دەدات. ڕەوشی چالاکی تەندروستی و پەروەردە و زانستی و وەرزشی و ڕۆشنبیری زیاتر بێ بەها بووە . تەنانەت ئاو و کارەبای پێویست بۆ ژیانی ئاسایی ئێستا بۆتە یەکێک لە کێشە مەزنەکانی کۆمەڵگا .

ئەوەی ئێمە شاهیدین جگە لە خولی بەرەو دواوەی کۆمەڵگا هیچی تر نییە . ئەم گەڕانەوە بۆ دوا بە بەراورد بە دەیان ساڵی ڕابردوو بۆ کەس داپۆشراونییە. ئەوەندە بەسە کە ئەمە لە باری ژیانی کرێکاراندا بە ڕوونی ببینین ، کە گەورەترین هێزی بەرهەمهێنەری ناو کۆمەڵگان . باری مادی و بژێویان بەرەو خراپتر بوون دەچێت ، کۆمەڵگای ئێران لە بۆنبەست دا نووقم دەبێت، وەک ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی نەخۆشییەکی جدی هەیە . هەموو کەس دەزانێت کە نەخۆشییەکە چاک نابێت ، خراپتر دەبێت و ئەنجامی خراپتری لێ دەکەوێتەوە. ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتیش لەم یاسایە پەیڕەوی دەکات. ئەم نەخۆشییە لە کۆمەڵگای ئێران گەیشتووەتە قۆناخێک کە چیتر چارەسەری پزیشکی و ئازارشکێنی پێ ناکرێت. ئەو پەتایە هەموو ئۆرگانیسمی تووش کردووە. ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە. ئاشکرایە ئەگەر بارودۆخی ئێستا بەردەوام بێت و چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە نەدۆزرێتەوە و چارەسەری نەبێت، بێگومان خولی پاشەگەردانی و شوبهاندن بە حەتمی خێرا دەبێت .

ئەم ڕاستییە لە لۆژیکی دۆخی ئابووری و سیاسی ئێستای کۆمەڵگای ئێران سەرچاوەی دەگرێت. ئەم ریسا کۆمەڵایەتی- ئابووری و سیاسییەی لە ئێران لە قەیرانی بێ چارەسەریدا هیلاک بووە. ئەم قەیرانانە ئاماژە بە ناکۆکی ، گەندەڵی و پووکانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی سەرمایەداری زاڵ بەسەر ئێراندا دەکەن و گۆڕانی بارودۆخی سیاسی زۆر لەمێژە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە کۆمەڵگای ئێران پێویستی بەپەلەی بە گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵ و دمۆکراتیکی ئینسانی هەیە، چونکە لەتبوونی سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت. لە وەها هەلومەرجێکدا هیچ ڕێگایەک نییە بۆ باشترکردن تەنیا گۆڕان نەبێت .

ئەوە ڕاستییە، لانیکەم لە ساڵی ١٣٩٦ەوە جەماوەری کرێکار وزەحمەتکێش بۆ سەرپێخستی لە حوکمڕانی ڕژیم و دامەزراندنی نەزمێکی نوێ، خەباتێکی گەورەیان بەرپاکردووە بەڵام ئەم خەباتانە لە بەر مقاومەت و توندی و زۆرداری چینی حاکم بۆ بەرهەڵستی کردنی گۆڕان تا ئەمڕۆ بە ئاکام نەگەیشتووە. ئەم تێکۆشانە ئەوەندە بەهێز نەبووە کە بەسەر پاسەوانانی نەزمی بۆگەندا زاڵ بێت. ئەم لاوازییە نە لە نەبوونی مەرجی بابەتی و ئامادەباشی کرێکاران و ڕەنجدەران بۆ ڕووکردن لە شۆڕش، بەڵکو لە لاوازیی فاکتی هزرییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر ئەم تێکۆشانانە بە دەرەنجامێکی یەکلاکەرەوە سەرنەکەوتوون، بەهۆی نەبوونی ڕێبەرایەتی و ڕێکخستنەوەی پێویست بووە. نەبوونی سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕە کە دەتوانێت هەموو ئەم جۆگەلەی خەباتی پچڕپچڕ و ناڕەزاییە لە دژ بە دەسەڵاتی حاکم لێک هەڵپێکێ و بیکاتە لافاوێکی بەهێز کە دەسەڵاتی ناڕەوای ئەمڕۆی پێ ڕامالێ. واقیعێکی حاشا هەڵنەگرکە کە لە کۆمەڵگای ئێران هیچ چینێکی تر جگە لە چینی هەژار و لێقەوماو و پارتە چەپەکان نە ئەرک و دەسەڵاتیان بۆ ئەم گۆڕانکاریە ڕادیکاڵە هەیە و نە بەرژەوەندیەکانیشیان لەم گۆڕانە ڕادیکاڵەدا مسۆگەر دەبن .

کۆمەڵگەی مەدەنی و چینی زەحمەتکێش کە ئەرکی ڕابەرایەتی کردن و ڕێکخستنی بزوتنەوەکەی لە دەستدایە، لە ئەنجامی دەیان ساڵ لە سەرکووت و دیکتاتۆرییەتی ڕژیم، سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی لەم ساڵانەی دواییدا ، هێشتا ئەوەندە بەهێز نییە کە کاری خۆی بکات و ئەم بنبەستە تێک بدات. کۆماری ئیسلامیش نیشانی داوە کە نەک هەر هیچ ڕێگایەک نییە بۆ تێپەڕاندنی ئەو بۆنبەستەی کە هەیە ، لە بنەڕەتدا ڕێگرێکی سەرەکیشە بۆ تێپەڕاندنی. ئاشکرایە کە لە وەها بارودۆخێکدا کۆمەڵگا بە هۆی ئەو قەیرانە قوڵەوە پێویستی بە گۆڕان هەیە، بەڵام گۆڕان دوادەکەوێت ، تێکهەڵچوونی سیستەمی زیاتر دەبێت، قەیرانی ئابووری کۆمەڵایەتی قوولتر دەبێت، خولی بەرەو دواوەی کۆمەڵگای ئێران خێراتر دەبێت و ئاکامی کۆمەڵایەتی خراپتر و کاولکارتر بۆ جەماوەری زەحمەتکێشی خەڵکی لێ دروست دەبێت .

هیچ چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ شەرایتێک کە ئێستا هەیە و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکانی نیزامی سەرمایەداریی حاکم دا نییە، جگە لە شۆڕشێک کە ئێستا لە ئێران هەلومەرجە بابەتییەکانی ئامادەیە. تووڕەیی شۆڕشگێڕانەی بەربڵاوی جەماوەری زەحمەتکێش لە دژی چینی حاکم لە سەرتاسەری ئێران، ئەوە نیشان دەدات کە جەماوەر ئامادەیە بۆ سەرنگومکردنی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو نەهامەتیە بۆگەنەی کە هەیە. سەرەڕای دواکەوتنی هۆکاری دەروونی شۆڕش و هەوڵی کۆنەپەرستانی دەسەڵات، هەڵکشانی ململانێکان لە کۆمەڵگای ئێران گەیشتووەتە ئەو ڕادەی کە لەهەر ئان و ساتێکدا بڵێسەیەک ئاگری لێ بکەوێتەوە و شۆڕش ڕووبدات. شۆڕش تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگارکردنی گەلانی ئێران لەو نەهامەتییە زۆرانەی کە کۆماری ئیسلامی هێناویەتی دی.

ئازارەکانی گەلی ئەفغانستان و هاتنەوەی تالیبان

ئاژوان-سنە

بەردەوامیی هێرشەکانی تاڵیبان لە ناوچە جیاجیاکان و داگیرکردنی چەندین پارێزگای ئەفغانستان، نائەمنی و شەڕی لە سەرتاسەری ئەفغانستانی بەرفراوانتر کردووە گوندنشینانی ئەفغانستان کە زۆربەیان جوتیار و خەڵکی هەژار و نەدارن باخەکانیان سووتێنراون. لە زۆر ناوچەدا کە شەڕ چڕتر کراوە ،زیانی زۆریان لێ کەوتووە . تاڵیبان کە هەمیشە قەیرانی بۆ خەڵکی ئەفغانستان بەدیاری هێناوە، ئەم جارەش بەهۆی هێرشەکانیان بە تایبەت لە باکووری ئەفغانستان زۆر کەس لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتە زەرەر و زیانی زۆریان لێ کەوتووە و بوونەتە قوربانی. ئەفغانستان لە یەکێک لە پێچۆکە مێژوویەکانیدایە. دەوڵەتی ئەمریکا بەردەوام بە سیاسەتی دەستبەرداربوونی خێرا بەرەو پێشەوە دەڕوات و سەرکردایەتی تاڵیبانیش بە پێچەوانەی پابەندییەکانی لە دەوحە و ئاستانە، بە کردەوە بەردەوامی بە شەڕی ناوخۆی پێش دانوستانەکانی لەگەڵ حکومەتی کابول داوە .لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا نزیکەی ٨٠ ناوچە کە دەکەونە بەشی باکووری ئەو وڵاتەوە لەلایەن هێزەکانی تاڵیبانەوە داگیرکراون و ئەم تاقمە هەوڵی گرتنی چەندین شاری گەورەیشی داوە و دەیەوێت دەست بەسەر بنکەی ئاسمانی ستراتیژی «باگرام»دا بگرێ کە خۆشبەختانە تا ئێستا شکستی هێناوە. لە کاتێکدا گیانی ڕاوەستانی سەربەرزانە لە کۆمەڵگای مەدەنی ئەفغانیدا بە تایبەتی لە شارە گەورەکان و زیاتر لە لایەن کچان و ژنانێک کە بە ڕاستی لە کابوسی ئەفغانستانێکی ژێردەسەڵاتی تاڵیبان دەترسن زۆر بەرزە و جێگە دڵخۆشییە، ئەو بەرگرییە کە لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە دەکرێن زۆر جێی پرسیارن. هاوسەنگی هێز لە ڕووی سەربازی و سیاسی و دەروونییەوە، بەهۆی هەندێک پاشەکشە و هەڵوەشانەوەی سەربازی و پەنا بردنیان بۆ وڵاتانی دراوسێ لە بەرژەوەندیی تاڵیبان گۆڕاوە. دەسەڵاتی گەندەڵی دەوڵەتی کە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا تووشی شکست بووە لە دۆخی ئەمڕۆدا خۆی لە بەرپرسیاریەتییەکانی دەدزێتەوە و ئەو ئاڵۆزی و کەشە ناڕوونەی ئێستا سەبارەت بە ئایندە باڵی بەسەر ئەفغانستاندا کێشاوە، بە ڕوونی ڕەنگدانەوەکەی لە باردۆخی دیپلۆماسی کابول خۆی نیشان داوە. هەندێک لە باڵیۆزخانەکان داخراون و لە هەندێکی دیکەشدا بە کەمکردنەوەی کارمەندان و ئامادەکاری بۆ بەجێهێشتنی ئەرکەکانی فریاگوزاری پشتی کۆمەڵانی خەڵکی ئەفغان خاڵی دەکەن. ئەمریکا کە ساڵی ٢٠٠١ تەنانەت پێش ئەوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دەربکرێت نەک بەڕاسپاردەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو لەسەر سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی خۆی، هێرشی کردە سەر تاڵیبان، ئێستا دوای نزیکەی ٣٠٠٠ قوربانی سەربازی خۆی و تێچوونی نزیکەی یەک تریلیۆن دۆلار و کوژرانی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئەفغانستان و خەرجێکی زۆر بۆ ئەو وڵاتە پاش ٢٠ ساڵ ئەفغانستان بەجێدێڵێ. ئەفغانستان لە دەیەی ١٩٩٠ دا لە دوای ڕووخانی کۆماری دێموکراتی ئەفغانستان و دەوڵەتی دکتور نەجیب اللە بارودۆخێکی زۆر تاڵی بەخۆیەوە بینیوە. ئەوەی کە کام فاکتەرڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە دروستکردنی ئەو هەل و مەرجە دەرفەتی گۆنجاوتری دەوێت، بەڵام بە گشتی تاکڕەوی و تۆتالیتاریزمی قەومی هۆکاری ژێرەوەی ئەو قەیرانە بووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ڕابردووی ئەم بەشە لە مێژووی ئەو وڵاتدا، دەبێت بە وریاییەوە و بە ڕۆیکەردێکی ڕاستبینانەوە سەیری بارودۆخەکە بکەین. ئەم سەرهەڵدانە جەماوەریانە لە دژی گرووپی تیرۆریستی تاڵیبان لە بەشە جیاوازەکانی ئەفغانستان و لە نێو گرووپە ئەتنیکیە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتەدا سەرەتا بە شێوەی سەخت و دژوار و لە ڕووی ناچارییەوە بوو. واتە خەڵک بە چاوی خۆیان بینییان کە تاڵیبان بەبێ گوێدانە هیچ سنوور و ڕێزێک هێرشی کردە سەر ناوچەکانیان. هێزی بەرگری و سەربازی ئەفغانیش لە هەندێک ناوچەن بەو هەموو کەرەستە و کەلوپەلانەی کە لە بەردەستیاندایە نەیانتوانی لە بەرامبەریان ڕاوستن، بۆیە تاڵیبان ئەم کەلێنانەی بۆ بەردەوام بوونی هێرشیان بۆسەر ژیانی خەڵک و داگیرکاری و داسەپاندنی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان لە ئەفغانستان بەکارهێناوە. خەڵکی کە دۆخی مەترسیداری ئەو دەورەیان بینی و ڕابردووی دەسەڵاتی تالیبانیان لەبیر نەکردووە لە دژی تاڵیبان ڕاپەڕینیان کردووە و ئێستا کە ئەم ڕاپەرینە چەکدارانە لە وڵات و لە گرووپە ئەتنیکیە جیاوازەکان لە ئارا دایە پێویستیەکی جیدی بە بەڕێوەبردن و کاناڵیزەکردنی دروست هەیە بۆ ئەوەی ئەو بێ سەروبەرییە بزووتنەوە جەماوەرییەکەی ئەمجارەی خەڵک وەکوو بزووتنەوەکانی دەیەی ٩٠ بەلاڕێدا نەچێ. بۆیە بوونی بیرێکی پێشڕەوەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ڕاپەڕینانە دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی ئەو مەترسییە گەورەیە و هەموو ئەو هێزانە بە شێوەی ڕاستەقینە بۆ پێکەوەیی و یەکگرتوویی خەڵک بەکار دەهێنرێن. لەم هەلومەرجەدا لایەنەکانی پەیوەندیدار لەگۆڕانکارییەکانی ئەفغانستان لەهەوڵی ئەوەدان کە جموجۆڵە سیاسی و تەنانەت لۆجستییەکان زۆرتر بکەن و ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە و پێشوەخت بەشداریی خۆیان بۆ پێکهاتەی وزەی جێگرەوەی حکومەتی ئێستا مسۆگەربکەن. پاکستان و ڕوسیا و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و کۆماری ئیسلامی و چین و هیندستان و تەنانەت تورکیاش لەم دووبارە بەرجەستەکردنەوەی تاڵیبانی ئەفغانستان دا لە بەرژەوەندی سیاسی و سەربازی و ئابووری خۆیان دەگەڕێن. بێگومان هیچ سەیر نییە کە خولی مێژوویی ئەو وڵاتە کە ئەفغانستانی هێنایە ناو کێشەیەکی ژئیۆپۆلتیکی لە ناوچەکەدا دووبارە نەبێتەوە. لەڕاستیدا سەقامگیریی سیاسی لە ئەفغانستان لە سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئەمڕۆ کە لەلایەن هێزە هەرێمییەکانەوە گەمارۆ دراوە، تەنیا ئەمرێکی ناوخۆیی ئەو وڵاتە نییە و تەنانەت لە داهاتووش دا لەوانەیە هەمان بەڵا سەر خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتە بێتەوە. کۆماری ئیسلامی کە تا ئێستا بەردەوام بووە لە یاری کردنی هاوکات و سێ لایەنە، یاری پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەڵبژێردراوی کابول، پەیوەندی لەگەڵ تاڵیبان و پشتیوانی تایبەتی هەندێک هێزی موجاهدینی ناحکومی و دژە تاڵیبان، ئێستا بیر لە ستراتیژێک بۆ زیاد کردنی قورسایی خۆی لەپەیوەندیی زیاتر لەگەڵ تاڵیبان دا دەکات. سیاسەتی ڕژێم بەرامبەر ئەفغانستان کە هەمیشە لەسەر بنەمای دژە ئەمریکایی و زەمینگیر و دەستبەردارنەبوونی لەو وڵاتە دا بووە و قەت بەرژەوەندی گەلی ئەو وڵاتەی لە بەر چاو نەبووە، ئێستا بەدوای پەیمانە لە گەڵ تاڵیبان کە بەهۆی کشانەوەی ئەمریکا دەبێتە هێزێکی کاریگەر. پێویستە جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەم دواییەی کۆماری ئیسلامییش لە ناوچە سنوورییەکان وەک پشتکردنێک بۆ بەرنامەکانی ئەو تیرۆریستانە دووپات بکرێتەوە. لەم دواییانەدا کۆماری ئیسلامی لە بواری دیپلۆماسییەوە میواندارى دوو شاندی دانوستانکاری حکومەتی کابول و تاڵیبانی لە تاران کرد، کە بووە هۆی دەرکردنی ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لە لایەن ئەو دوو شاندەوە. ڕاگەیاندنێک کە پێویستی ڕێککەوتنی زیاتری نێوان لایەنەکان و ئاشتی لە ئەفغانستان دا بە بایەخەوە دەنرخێت و « هەوڵی ئەرێنی « کۆماری ئیسلامی لەو بارەیەوە بەرز دەنرخێنێت. ئەمەش، سەرۆکی ئەمریکا لێ ڕازی بووە. ئەم جوولە دیپلۆماسییە لە کاتێکدا دێت کە ڕۆژی دوای واژۆی ئەو بەیاننامەیە دەروازە سنوورییە گرنگەی نێوان هەردوو وڵاتی بەناو «ئیسلام قەڵا «لە دەستی حکومەتی ئەفغانستان دەرهێنراوە و لەلایەن تاڵیبانەوە داگیرکراوە. ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە ئەو گۆڕانکارییە سیاسییەی ئێستا کە لە ئەفغانستاندا هەیە، دیمەنی کیشە و مەترسییەکی ناڕوونە، لە هەڵکشانی شەڕی ناوخۆیی و ناسەقامگیری سیاسی، تا بەڕەو ڕووبەڕبوونەوە خوێناوییە ڕەگەزییەکان و دەسەڵات گرتنی دواکەوتوویی ئایینی و خێڵەکی و دووبارە نەمانی دەسکەوتە مەدەنی و سیاسیەکان لە کۆمەڵگای ئەفغانیستاندا. تارمایی بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەمانی بەرهەمی پیشەسازی، کشتوکاڵی و کوێربوونی سەرچاوە کانزاییەکان، چاوەڕوان دەکرێت. ڕێگرتن لەم دۆخە خراپە کە دەکرێت دەرئەنجامەکانی کۆڕەوێکی نوێی پەنابەران بۆ ئێران و وڵاتانی دراوسێ بێت، بابەتی ناوەندیی ئەم ساتەی ئێستایە لە پەیوەند لەگەڵ ئەفغانستان. ئەو ئەفغانستانەی کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ شەڕیان تووش کردووە. بۆیە دەبێت کۆتایی بە ٤٠ ساڵ تراژیدیا و تاوان و نەهامەتی لە ئەفغانستان بهێندرێ، ٤٠ ساڵ حوکمی ڕژێمەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بناژۆخوازی ئیسلامی، چل ساڵ پیلانی بەکرێگیراوانی پاکستان، ئێران، تورکیا، سعوودییە، ڕووسیا و چین، چل ساڵ لە چەوساندنەوەی دز و تاڵانچی، چل ساڵ حوکمی ئیسلامیزم، چل ساڵ سەرکوت و سەرکوتی ژنان، چل ساڵ شەڕ و کارەسات، ٤٠ ساڵ چڕکردنەوەی ستەم و کۆمەڵکوژی نەتەوەیی و ئاوارە بوون و کۆچ.

ئیمپریالیزمی ئیسلامی و ئەمریکایی ئەم هەموو چل ساڵە جگە لە کارەسات و ناخۆشی هیچی تری لەو وڵاتە دروست نەکردووە . ئەنتاگۆنیزمی کۆنەپەرستانەی دوو دەوڵەتی بۆگەنی ئیسلامی و وڵاتانی زلهێز لە غیابی بەدیلێکی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕانەدا لەم چل ساڵەدا ، توانی وزە و پۆتانسیلّی جەماوەری توڕەی خەڵک لە چەوسانەوە، لە بار بەرێت. بەرهەمی ئەو دوو لایەنەی دەسەڵات لە ئەفغانستان، دژیەکی بنەڕەتی سەردەمی سەرمایەدارییە، ئەویش ململانێی نێوان بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و مولّکداری تایبەتییە . ئەمە ڕاستییەکی سەلمێنراو لە هەموو چل ساڵی ڕابردوودا لە ئەفغانستاندا کە هیچ ڕێگایەک بۆ دەرچوون لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و دوو شێوازی بۆگەنی ئیمپریالیزمی ئیسلامی و فندمێنتالیزمدا نییە. لەهەموو چل ساڵی ڕابردوودا هەموو ڕۆژێک بارودۆخەکە بەرەو خراپی چووە و خراپتریش دەبێت. بۆ ئەوەی لە ئەفغانستان دا کۆمەڵگای نوێ بێ ستەم و چەوسانەوە بنیات بنرێت، بۆ کۆمەڵگایەک کە هەموو هاوپۆلێکی ئیسلامیستانەی کۆنەپەرست یان تێدا نەبێ وبە بێ ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا ، ڕوسیا ، ئێران ،چین ، ئەوروپا و بەکرێگیراوەکانیان لە ناوچەکە ، بەهێزی جەماوەریی ڕێکخراوە پێویستە .

گەلی ئەفغانستان ڕقیان لە فندمێنتالیزمی ئیسلامیە ، ڕقیان لە چل ساڵەی دەستێوەردانی ئەمریکا و بەکرێگیراوە ناوچەییەکانیانە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تا پاکستان و تورکیای ئیسلامی ئیردۆغانە ، ڕقیان لە چەوساندنەوەی ژنان و ١٠٠ ساڵ چەوساندنەوەیە بەرامبەر بە کەمینەکانی و بە تایبەت هەزارەکان.

پەیامی ئێمە لە کوردستانەوە بۆ ژنان و پیاوانی ئەفغانستان، بۆ کرێکاران و ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتە، ئەوەیە کە لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیان بە ڕێڕەوێکی نوێ هەیە بۆ ڕزگار بوون لەم وێرانە ٤٠ ساڵە. ڕێڕەوێکی نوێ لە دەرەوەی چوارچێوەی دوو ڕژیمی ئیسلامی و دەسەڵاتی بێگانە کە تەنیا لە فکری بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی. ئەم ڕێچکە نوێیە پێویستی بە نەخشەو ستراتی ژو بەرنامەیەکی زانستی و تیۆرییە کە تەنیا بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەلکی زەحمەتکێش مسۆگەر دەبێت.

تیرۆرو ڕەشەکوژی نەیاران و بیر جیاوازان، ئاوەڵ دوانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی...!

عـزیز ئاجیکەند

به داخەوە بۆ جارێکی تر سیاسەتی چەوتی کوشتن و برین و تۆقاندن و ڕفاندنی نەیارانی سیاسی ، لە لایەن کۆماری سێدارەوە چەخماخەی لێدراو قوربانی گرت.ئەمجارەش دەستی ڕەش و چەپەڵی ناحەزان و مرۆڤ کوژانی کۆماری ئیسلامیی سنورەکانی نایەپشت سەرو پێنایە ناو قوڵایی دلی وڵاتانی ناوچەکە.

زۆر بەداخەوە لە پیلانی ئەمجارەدا کە لەڕۆژی شەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٠ (٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١) ڕویدا، تەرمی موسا باباخانی چالاکی سیاسی خەڵکی کرماشان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هۆتێلێک بە ناوی «گوڵی سلێمانیە» لە ناو قوڵایی دڵی شاری هەولێر ، دۆزرایەوە کە بە شێوەیەکی ناجوامێرانە دوایی ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر ، گیانی لەدەستدا بوو.

ئەمە یەکم جار نیە کە دەستی چەپڵی ناحەزان و بە کرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی بە خۆێنی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات سوور دەبێ . لە ماوەی ساڵانی ڕابردوشدا زۆرێک لە ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات بوونە قوربانی سیاسەتی دژە ئینسانی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکە . ئێمە وێرای مەحکوم کردنی ئەم کردەوە تیرۆریستییە ، سەرەخۆشی لە هەڤاڵان و دۆستان و بنەماڵەی کاک موسا دەکەین و خۆمان بەشەریکی خەمیان دەزانین.

مێژوویی تیرۆریی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات لە کوردوستانی باشوور ...

ئاوردانەوەیەک بۆ مێژوویەکی نەچەندان دوور لە گەڵ ڕودانی شەری کەنداوو و نائەمن بوونی بەشیک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ، وڵاتی عێراق ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەکەوێتە ناو قەیران و ڵاوازیەوەو بە تەواوەتی تەریک دەکەوێتەوە . دوای ئەم ڕوداوانەو لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ خەڵکی کوردستانی عێراق لە خرۆشانێکی کەم وێنە دا لە دژی زوڵم و زۆرداریەکانی ڕژیمی بەعسی ڕووخاو دەرژێنە سەرشەقام و بە هاوکاری حیزب و لایەنە تێکۆشەرەکانی کوردستان توانیان لە ماوەیکی کەم دا هێزی داپلۆسێنەری ڕژیمی سەدام حوسێن لە خاکی هەرێمی کوردستان ڕاماڵن و شارەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. ئەو ڕاپەرینە مەزنە سەرەتای وەدی هاتنی ئالوگۆڕی قوڵ و بەرچاو لە چوارچێوەی وەدی هاتنی ماف و ویست و داواکارییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور دا بوو. هەر چەند لە دوای ئەوە، کارەساتی کۆرەو و ئاوارەیی ڕووی لە دانیشتووانی کوردستان کرد بەڵام ئەوەش بوو بە هۆی ڕاکێشرانی سەرەنجی بیروڕای نێونەتەوەیی و لە پاش چەسپانی هێلی دژە فڕین و پشتیوانیە نێونەتەوەییەکان کورد توانی لە پاش ساڵیانێکی درێژ کۆتایی بە ستەمی ڕژیمی بەعس بێنێ و بتوانێ بناغەکانی حکوومەتێکی خۆبەڕێوەبەری لەم بەشە لە خاکی کوردوستان دابمەزرێنێ.

هەموو ئەو دەسکەوتە پڕبایەخانە بە دانی قوربانی و تێپەرین بە ناخۆشترین ساتەکان و بینینی دەیان وێنەی مەرگەسات و قۆناغی تاقەت پرۆکێن وەدی هات . ئەمە لە لایەکوو لە لایەکی تریشەوە دونیای دوای کۆتایی شەری کەنداوو ئالووگۆڕەکانی عێراق بە تایبەتی و سەربەخۆبوونی کوردوستان عێراق وەک هەرێمێکی ساواو خۆبەڕێوەبەر ، تا ڕادەیەکی زۆر دەستی وڵاتانی داگیرکەری ناوچەکەی لە وانە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕی ئاوەڵاتر کرد . ئیتر لەمەو بەدوا دونیای ناوچەکە بە کردەوە بوو بە دونیایەکی نائەمن و پڕ کێشە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

دوابەدوای ئەم ڕوداوو ئالووگۆڕانە پێگەی ڕژیمی بەعسی عێراق زۆر لاوازتر لە پێشوودا خۆی دەنواند و بەمشێوەیە ڕەقیبەکانی چ لە زەمینەی سیاسی و دیبلۆماسی، چ لە زەمینەی سەربازی و ئابووری و دەخالەتگەری لە ڕووداوە سیاسیەکانی دنیا و جیهانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەڵکشاندا بوون. ڕەوتە ئیسلامیەکانیش بە ڕێکخراوە تیرۆریستە هەمە ڕەنگەکانیانەوە بە پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی، لە پێگەیەکی بەهێزتردا سەرقالی خۆتەیار کردن و ئاراستکردنی خۆێان دابوون.

کۆماری ئیسلامیی هیچ بە سەربەخۆ بوونی هەرێمی کوردوستان و ڕاپەرینەکەی دلخۆش نەبوو وە بەردەوام لە هەوڵی ناسەقمگیرکردنی ناوچەکەو ئاژاوەگێڕی و هەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی شۆڕش بە کەڵک وەرگرتن لە پیلانە دژی ئینسانی و خۆێناوێیەکانی خۆیەوە بوو.

سپای پاسداران...

پێناسەیەکی کوورت:

سپای پاسدارانی ئێران کە لە سەرەتاکانی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دامەزرا، لە چوار لق و چەندین بەش پێکهاتووە لە وانە:

هێزی زەمینی، دەریایی، ئاسمانی و قودس..

لە نێو ئەو چوار بەشەدا ، سەرەکی ترینیان سوپای قودسەکە چالاکییەکانیان لەدەرەوەی سنووری ئێرانە و بەکردەوە هەموو سیاسەت و کاروچالاکییەکانی ئێرانی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

بە گشتی دەتوانین بە سێ بواری چالاکی سپا وەک کۆڵەکەی پاراستنی کۆماری ئیسلامیی چ لە ناوەی ئێران و چ لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران ئاماژە بکەین کە بریتین لە:

یەکەم، سەرکوت کردنی نەیارانی ناخۆی ڕژیم. دووهەم، چالاکی و حزور لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. سێهەم، بردنەسەرەوەی توانای ڕژیم لە بواری چەک و چۆڵ و تێکنۆلوژی شەڕداو تیکۆشان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی.

هەڵبەت پێویستە بگوترێ کە بواریکی چوارەمیش لە چالاکی سپای پاسدارانداو دەکەوێتە بەرچاو، ئەویش بریتیە لە چالاکی سپا لە بواری قاچاغی مەوادی موخەدیر و چنگ داگرتن بەسەر بەشە سەرەکیەکانی ئابووری ئێران. مێژووی ٤٢ ساڵەی دەسەڵاتی ڕژیم نیشانی داوە کە ئەم ڕێکخراوە دژبە خەڵکە لەم بوارانەدا و بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر دەستی لە هیچ جنایەتێک نەپاراستووە.

سپای پاسداران دوای شەڕی کۆنەپەرەستانەی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، ئەو مەجالەی پێدرا کە لە پاڵ پەرەپێدان بە چالاکیەکانی خۆی لە بواری قاچاغی مەوادی موخەدێر و کوشت و بری نارازیان و سەرکووت کردنی کۆمەڵانی خەڵک ، دەست بەسەر دەیان ئیسکلە و فرۆکەخانە و دەروازەی سنووری دا بگرێت و کاڵای جوارۆجۆر قاچاغ بکات.

سپا لە جەریانی چالاکیەکانی ئابووری خۆیدا، دەستی بەسەر چەندها گەڵەی دەیان میلیارد دۆلاری لە بواری نەوت و گاز و پێترۆشیمی دا گرتوو و بوو بە گەورەترین هێزی ئابووری و پەیمانکاری لە ئێران و ناوچەکە.

سپا لە سەرەتاوە لە ڕێگەی قەرارگای خاتم الانبیا و دواجاریش خاتم الاوسیا ، کەوتە سەر ئابووری مافیایی کۆماریی ئیسلامیی. سپا بۆ ئەو مەبەستەی لە فرۆکەی شەڕکەرەوە بگەرە هەتا هەموو ئامرازێکی دەوڵەتی، هەتا دامودەزگای قەزایی و سیخۆڕی و تەنانەت کۆنترۆڵ کردنی فرۆکەخانەی خۆمەینی و دەزگای موخابەرات و هیتریش، هەمووی بەکار هێنا تا دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ئێراندا بکێشی. فەرماندەکانی سپا لە ڕێگەی بونیادی تەعاون-وە دەستیان بەسەر بازاڕی پارە و ئەرزیش دا گرت.

سپاو تیـــرۆر

سپاو تیرۆر ، لەگوتارو پێناسەی تیرۆردا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ، ئاوەڵدوانەی هێکترن....

کۆماری ئیسلامیی ٤٢ ساڵە بە پشت بەستن بە عەمەلیاتی تیرۆریستی و بە کەلک وەرگرتن لەم سپایە ،لە نێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات خەریکی لادانی ڕەخنەگران و نەیارانی سیاسی خۆیەتی تا بەڵکوو ماوەیەک زیاتر درێژە بە حاکمییەتی سەرتاپا جەنایەتی بدات. سەرانی ڕژیمی ئیسلامیی و فەرماندەکانی سپای پاسداران ساڵانێکە بە تیرۆر و لادانی فیزیکی هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی، نووسەران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لەنێوخۆ و دەرەوە و تەنانەت لە سیا چاڵەکانیشدا چاڵاک و هەلسوراون .کاربەدەستان و فەرماندەکانی سپای پاسداران لە ئاستی بەرزدا گەلێک جار بە ئاشکرایی ڕایانگەیاندوە کە نەیارانی ڕژیمی ئیسلامیی لە هەر شوێنێکی دنیادا بن دەکەنە ئامانجی تیرۆری خۆیان و لە ناوی دەبەن .لە ڕاستیدا ئەم سپایە گەورەترین و بەهێزترین سپای سەربازی ئێرانە، هەر وەک ئاماژەمان پیدا لە ڕووی ئابوورییەوە خاوەنی هەزاران کۆمپانیایە. لەسەدا ٤٠ دەرسەدی ئابووری ئێران لەلایەن کۆمپانیاکانی سوپاوە قۆرخ کراوە، بەشێکی زۆری کۆمپانیا و دامەزراوە داراییەکانی سپای پاسداران ناسراون.

سپـــــای قـــودس

سپای قودس ، یەکێک لە باڵە ناسراوەکانی سپای پاسدارانە کە لە دەسپێکی شەری نیوان دوو وڵاتی کۆنەپەرەستی ئێران و عێراق لە سالی ١٩٨٠ی سەدەی ڕابردوو بە مەبەستی چاڵاکی لە بەرژەوەندییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناو خاکی « عێراق» دا دامەزراوە .ئەم هێزە لە ژێر دەمامکی چالاکیی کلتووریی و هونەری لە دەرەوەی ئێراندا چالاکیی زانیاری و ئیستخباراتی دەکات و دەستی داوەتە سازکردنی فیلمی دیکۆمینتاری لە دژی ڕۆژئاوا.

ئەرکی سەرەکی سپای قودس ڕێکخستن و پرچەک کردنی گروپە ئیسلامییە چەکدارەکانە کە ئاجێندای ئێران لە ناوچەکەدا جێبەجێ دەکەن.

کوشتن و برین و ڕفاندن و بێسەرو شوێن کردنی نەیارانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دەروەوەی سنوورەکانی ئێران ، ئەرکی سەرشانی ئەم هێزەیە. ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەیە سپای تیرۆریستی پاسداران دژ بە گەلانی ئێران و بەتایبەت دژ بەگەلی کورد بە کوشتنو زیندانو ڕفاندن لە ناوخۆو دەرەوەی ئێران و تۆپباران و موشەکبارانی بارەگاکانی هێزەکوردیەکان، چالاکی تیرۆریستی دەکات. کەواتە دەتوانین بڵێین کە سپای پاسداران تەنیا هێزێکی سەربازیی سەرکوتگەر لە ناو خۆی ئێران دا نیە، بەڵکو لەماوەی زیاتر لە چواردەیەی ڕابردوودا هەموو جومگە ئابوریی، سیاسی و سەربازییەکانی ئێرانی بەدەستەوە گرتوەو بۆ پاراستنی بنەماکانی ویلایەتی فەقیەو هێشتنەوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی لە ڕێگەی دروستکردنی سپای قودس هەموو ئامرازێکی دژە ئینسانیو تیرۆریستی بەکار هێناوەو بەکاری دێنێت. سپای پاسداران جێبەجێکاری سیاسەتی پاوانخوازانەی ڕژیم بە ناو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنورەکانی خۆی بووەو بە دروستکردنی دەیان ڕێکخراوی تیرۆریستی دیکە لەژێر ناوی جۆراوجۆر دەستی لەکاروباری وڵاتانی ناوچەکە وەک عێراق، سوریە، لوبنان وەرداوەو بۆ پێکهێنانی هیلالی شیعە بە خەرج کردنی بودجەی خەیاڵیو لە ڕێگەی تیرۆرو کوشتن هەوڵ بۆ دروستکردنی هیلالی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. هەر ئێستاش سپای پاسداران بە پشتیوانی لە هێزە توندڕەوە شیعەکان لەوانە ١٥ گروپی چەکدار لە عێراق، سوریەو لوبنان پشتیوانی دارایی و لۆجستیکی دەکات.

کوشتن و لە ناو بردنی نەیاران لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیەوە

لە ڕوانگەی جیهانبینی کۆماری ئیسلامیەوە، دونیا لە دوو بەرەدا خۆی دەبینێتەوە یان خۆ دابەش دەبێ. بەرەی حەق و بەرەی ناحەق یان هەمان باتڵ . بەرەی حەق لە ڕوانگەی خۆیانەوە ، خۆیان و ئەو کەسانەن کە وەشوێنیان کەوتوون و دژەبەرەکانیشیان کە بە ناحەق یان خۆ بەرەی باتڵ پێناسە دەکرێن ، لەبەرەکەی تردا دەبیندرێن و پێناسە دەکرێن.

کەواتە بە هەلسەنگاندنی ئەم دوو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە دوژمنانی ویلایەتی فەقیە دوو دەستەن:

...بۆ ل ١٥

دریژەی لاپەڕی ١٤

دۆژمنانی نێوخۆ و دۆژمنانی دەرەکی. ئەم بیر و باوەڕە جۆغرافیا ناناسێ و ئەو دوژمنانە بە کافر و موشریک پێناسە دەکات
و کوشتن و لە ناو بردنیان ئەرکێکە کە دەبێ جێبەجێ بکرێ. لە روانگەی ئەوانەوە کافر کەسانێکن کە دینی جیا لە دینی ئیسلامیان هەیە و موشریکیش بەو کەسانە دەگوترێ کە بە (یەکبوون)ی خودا باوەڕیان نیە. هەر لەم چوارچێوەیەدا بەشێکیش بە موناڤقین ناوزەد دەکەن. ئەوانیش کەسانێکن کە خوێندنەوەیان لە دین وەک خوێندنەوە و ئیدئۆلۆژیی فەرمیی حکوومەت نییە.

دۆژمنانی نێوخۆش بەو کەسانە دەوترێ کە بە پوالەت بڕوایان بە دینی ئیسلام هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دینە و بەهاکانی ڕەد دەکەنەوە. ئەم ڕوانگەیە دەبێ توندتر لە بێ دین و کافرەکان پێشی پێ بگیردرێت و تا بە ئێستاش بە درندانەترین شێوە سەرکوت کراوەو بگرە بە سەدان کەسیش یان خۆ بە شێوەی نهێنی لە ناو بردراون و تێرۆر کراون وە یان پەتی سێدارە کراوەتە ملیان .لە کۆماری ئیسلامیدا دژایەتیکردنی دەسەلات و سیاسەتەکانی بە مانای دژایەتیی خودا و ئیمامان لە قەڵەم دەدرێ و سزای کوشتن و لەنێوچوونی بۆ دیاری کراوە .لە هەمووی ئەم مەیدانانەشدا هێزی سەرکوتگەری سپا چالاکەو جەلادە و بەرێوەبەری ئەرکەکانە.

دروست کردنی تاقم و گروپی تیرۆریستی

ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی دوای شکست و ناکامی لە شەری هەشت ساڵەی خۆی لە گەڵ دەوڵەتی عێراق و نۆشینی جامی ژەهر، کە نەیتوانی بوو لە ڕێگای ئەو شەرە ماڵوێرانکەرەوە بیروباوەرە قیزەونەکەی خۆی کە هەمان گەشەی ئیسلامیی شێعە بوو، هەناردەی دەرەوە بکات ، دەست بە دروست کردن و ڕێکخستنی دەستە و تاقمی تیرۆریستی لە هەموو جیهان دا دەکات.

یەکەم گرووپی تیرۆریستی کە ڕژیم لە ساڵی ١٣٥٩ لە لوبنان پێکی هێنا، حیزبوڵڵای لوبنان بوو کە بە هۆی سپای پاسدارانەوە پێک هات و ڕاهێنانی سەربازیی پێ کراو لە باری سیاسی و سەربازی و ماڵییەوە ساپۆرت کرا.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ٣ ئەرکی سەرەکی لە بەردەم پیلانی دروست کردنی ئەم گروپانەدا دەکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی:

لەنێوبردنی شوێنەواری ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامیی لە ناوچەکەداو شەر لەگەڵ ئەو وڵات و نەیارانەی کە دژی کۆماری ئیسلامی شەر دەکەن و دژی دەسەلاتەکەین.

بۆ نموونە دەوڵەتی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی و هێزە سیاسییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی کە لە حالی شەری چەکداری لە گەڵ ئەودا بوون . کە بێگومان ئەو هێزانەش کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بوون.

گروپە تووند ڕەوە سوونەکان

کۆماری ئیسلامیی چالاکێیەکانی خۆی لە کوردوستانی عێراق بە دژی لایەنە سیاسییەکان چرتر دەکاتەوە . بۆ ئەم مەبەستەش گروپە ئیسلامییەکانی کوردوستانی عێراق باشترین کەرەستەن بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی. کەواتە کۆماری ئیسلامیی لە هەنگاوی یەکەمدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەو هێزانە قوولتر دەکاتەوەو بە کردەوەو لە ڕێگای پوولەوە ئەوان دەخاتە ژێر رکێفی خۆی و دواتر بە مەبەستی گلاوی خۆی بەکاریان دەبات.

ئەم گروپ و لایەنە ئیسلامیانە دەبێ بە کردەوە بەم دوو ئامانجە خزمەت کەن کە مەبەستی سەرەکی ڕژیمە:

یەکەم:

بە کارهێنانیان لە دژی هەرێمی کوردستان و نانەوەی تۆوی دوو بەرەکی لە نێوان دوو هێزی دەسەلاتداری وەک پارتی و یەکێیەتی لە کوردوستانی عێراق و نائمن کردنی هەرێمی کوردوستان بە هەموو شێوەیەک.

دووهەم:

تێرۆری نەیارانی سیاسی لە نێو ریزەکانی کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات دا.

تەنانەت ئەم هێزانە پادەسپێردرێن کە ئەگەر بێت و کەسەکانیش نەکوژن و بە زیندووی ڕاپێچی ئێرانیان کەنەوە ، ئەوە پوولی زیاتریش وەردەگرن . بۆیە ئەم هێزانە لە گەڵ یەکەمین گرێبەستیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی پادەسپێردرێن کە بە جیدی هەوڵەکانیان بۆ زەربەلێدان لە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەلات و نەیاری کۆماری ئیسلامیی لە وانە کۆمەڵە و دێموکرات و پەنابەرانی سیاسی و ئاوارەی نیشتەجی لە کەمپەکانی کوردوستانی عێراق ، چڕتر کەنەوە .

ئەرکە پێسپێردراوەکان:

تەقە کردنی شەوانە لە ئۆردووگاکان و کەمین دانانەوە لە ڕێگای هاتوو چۆی ماشینەکانی کۆمەڵەو دێموکرات

ڕفاندن و بی سەرو شوێن کردنی پێشمەرگەو لایەنگرو پەنابەرانی سیاسی نیشتەجێ لە کوردوستانی عێراق

تێرۆری کادرو بەرپرسانی هێزەسیاسییەکان

کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە سەر کارو ژیان و چالاکی ئەو هێزانەو لایەنگرو پەنابەرانی سیاسی لە کوردوستانی عێراق.

سپای قودس هەوڵەکانی خۆی بۆ زەربەلێدان لە هێزە سیاسییەکانی کورد ، چڕتر دەکاتەوە ... سەرجەم ئەو لیکۆلینەوانەی کە تا ئێستا کراون دەری دەخەن کە لە نێوان ئەو تیرۆرانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی سنووورەکان ئەنجامی داون، بەشی هەرە بەرچاویان لە هەرێمی کوردستاندا ڕوویانداوە کە تا بە ئێستا ٤٢٠ کوژراو و ١٤١ بریندار قورس و کەمئەندامی لێکەوتۆتەوە. ئەم تیرۆرانە بە شێوەیەکی بەردەوام لە سەرەتاکانی دەیەی ١٣٧٠ هەتاوییەوە دەستیان پێکرد و لە ساڵەکانی ١٣٧٢ تا ١٣٧٦ گەیشتە ئەو پەڕی خۆی.

سالی١٣٧٠هەتاوی و پاش ڕاپەڕین کە لە ناو ئەدەبیاتی سیاسیدا بە «ئینتیفازەی شەعبانییە» پێناسە دەکرێ، جۆرێک بۆشایی لە عێراق هێنایە ئاراوە. پاش خولقانی ئەم بۆشایە هەلی ئەوە ڕەخسا تاکوو حیزبەکانی کوردستان، بە تایبەت هەر دوو حیزبی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»، و «پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق»، ناوچەیەکی زۆری کوردستانی عێراق بخەنە ژێر دەسەلات و کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

پاش ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ پێشگرتن لە هێرشی ئاسمانیی ئەرتەشی «سەدام حسێن» بە دژی کوردەکان ناوچەی ئارامی دژەفڕینی لە باکووری عێراقدا ڕاگەیاند، بواری ئەوەی خۆش کرد کە حیزبەکانی باشووری کوردستان دەورێکی نوێی هاوکاریی ئابووری و پێوەندیی سیاسی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی دەست پێبکەن. بە تایبەت لە کاتێکدا کە عێراق بە تووندی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گەمارۆی سەختی ئابووری دراوە و زێدەباری ئەمە، هەرێمی کوردستانیش لە لایەن حکوومەتی سەدامەوە لە باری ئابووریيەوە گەمارۆ دراوە.

بەم شێوەیە بارودۆخی نالەباری سیاسی و نەبوونی نەزم و ئەمنیەت سەرتاپای کۆمەڵگای عێراقی بە کوردوستانیشەوە داگرتبوو. لە ناوەڕەستەکانی دەیەی ٧٠ لە نێوان دوو حیزبی باڵادەستی هەریمی کوردوستان شەڕێکی قورسی برا کووژیی ڕوودەدات ، کە ئەم ڕوداوە ئاسۆی دوارۆژی هەریمی کوردوستان بە تەواوێتی لێڵ و تاریک دەکات و هەریمی کوردوستان لە گەڵ کۆمەڵێک قەیرانی نەخوازراوو جیدی وەک بێکاری و هەژاری لە ڕادەبەدەر ، ڕوبەڕوو دەکات .لە وەها بارودۆخێکدا دەستی کۆماری ئیسلامیی بۆ ڕاکێشان و ڕێکخستنی هێزە ئیسلامییەکان بۆ نانەوەی تۆی ناکۆکی و دوو بەرەکی لە ناو هەریمی کوردوستان و تیرۆری دژبەرەکانی بە تەواوەتی ئاوەڵا دەبێ.

لێرەدایە کە کۆماری ئیسلامیی جێگەو پێگەی خۆی لە هەرێمی کوردوستان بەهێز دەکات . بەهێز کردنی ئەم جێگەو پێگەیەش خزمەت بە دوو ئامانجی سەرەکی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دەکات...

یەکەم سەرکوتی دژبەرانی لە باشووری کوردستان واتە دوو هێزی گەورەی ناو گۆڕەپانی شۆڕش لە کوردوستان کە لێرەدا مەبەست کۆمەڵە و هێزەکانی حیزبی دێموکرات و دووهەم دەسەلاتی زیاتر بۆ دەستڕاگەیشتن بە سووریا و لوبنان ه.

ئامانجی یەکەم کە لەدەستوری کاری کۆماری ئیسلامیدا بوو وە بۆ سەرەنجام گەیاندنی ئالقە لە گۆیانی خۆی لە ناوچەکە بۆ ڕاسپاردبوو هەموو ئەو پیلان و تاکتیکانەی دەگرتەوە کە هەر دەوڵەتێک بۆ لە ناو بردنی دژبەرانی خۆی بەکاریان دێنێ.

بۆ نموونە تیرۆرەکان هەموو بەشی تەشکیلاتەکانی لە خۆ دەگرت . گرنگ لە ناو بردنی ئەندامێکی ئەو هێزانە بوو . گرنگ نە بوو کە کەسەکان کێن . گرنگ کوشتنی ئەوان بوو . جا پێشمەرگە بوایە یان خۆد بەرپرس و یان کادێر . تەنانەت کەسانێکیش کە هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراویان لە گەڵ هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکان نەبوو وە تەنیا هەلسوراوێکی سیاسی بوون و کارو چالاکییەکانیان بە دژی کۆماری ئیسلامی بوو ، دەکەوتنە بەر شاڵاوی تیرۆری ئینسان کوژانی کۆماری ئیسلامیی.

کۆماری ئیسلامیی بۆ لە ناو بردنی دژبەبەرانی خۆی هەموو ئامرازەکانی کوشت و بری لە دەستوری کاری خۆی دانابوو . وە هەموو پیلانەکانی بۆ بە ئامانج گەیاندنی مەبەستی خۆی واتا کوشتن و لە ناو بردنی دژە بەرانی خۆی تاقی کردەوە . موشک باران کردنی ئوردوگاکان ، کەمین دانانەوە لە سەر ڕێگای هاتوو چۆکردنی ماشینەکان ، بۆمب دانانەوەو کۆنترۆل کردنی لە ڕێگای دوورەوە، تەقەکردنی شەوانە لە ئوردوگاە بە چەکی قورس و نیوە قورس.

دیارە بەشێکی هەرە زۆری بنەماڵەی پێشمەرگەکان پێکهاتوو لە ژنان و منالان . لە ئۆردوگاکان نیشتەجی بوون کە ئەوانیش وێڕای پێشمەرگەکان دەبوونە ئامانجی کوشتن و لە ناو بردن . کەواتە ئامانجی کۆماری ئیسلامیی تەنیا لە ناو بردنی پێشمەرگەو بەرپرس و کادێرو لایەنگرو هەڵسواراوی سیاسی نەبوو ، بەڵکوو ژنان و منالانیش دەکرانە ئامانج و لەناو دەبردران کە بۆ ئەو مەبەستە نمونە یەکجار زۆرن.

پیویستە بوترێ کە کۆماری ئیسلامیی جگە لە دەسوەشاندنی ڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی دەوڵەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە نەیاران و دژبەرەکانی دەخاتە ژێر گوشارەوە: «ڕەوتی ڕفاندنی نەیاران، بومبدانان و تیرۆر لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زیندوو و بەردەوامە، بە تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا. هەرچەندە شەپۆلی تیرۆرەکان لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٣٧٠ی هەتاوییدا کەمی کردووە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە مەترسیی تیرۆر، هەڕەشە لە دژبەران و نەریارەکانی کۆماری ئیسلامی ناکات. بۆ نموونە، قادر قادری، سەلاح مورادی، ئەحمەد ئەمیرئەحمەدی، سەباح ڕەحمانی، سەلاح ڕەحمانی، ئێقبالێ مورادی لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٦ تا ٢٠١٨ لە هەرێمی کوردستاندا تیرۆر کران. تەنانەت ٨ی سێپتامبەری ٢٠١٨ بارەگای ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە هەرێمی کوردستاندا کەوتەبەر هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ئاکامدا ١٦ کەس کوژران و زیاد لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون. هەروەها لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بینیمان کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی بە پشتیوانی کردن لە ئەحزاب و جەریاناتی مەزهەبی شیعە لە عێراق و بە ڕیکخستن و تەیار کردنی حەشدی شەعبی لە عێراق هۆکاری نا سەقامگیری لەم وڵاتەدا و دروووست کەری نائەمنییە لە ناوچە سوننی نشینەکاندا. ڕژیمی ئیسلامیی ئێران بە یارمەتییە ماڵی و نیزامییەکانی بۆ هێزە جەنایەتکارەکانی تاڵبان لە ئەفغانستان و گوروپە ئیسلامییە حوسییەکان لە یەمەن لە سەبەبکارانی درێژەی شەڕی نێوخۆیی و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعە لەم وڵاتانەدا. سیاسەتی دەرەوە و لە ڕاستیدا سیاسەتی تیرۆریستی و دخاڵەت گەرانەی ڕژیمی ئیسلامیی لە ئاستی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، درێژەی مەنتیقیی سیاسەتەکانی ئەم ڕژیمیە لە نێوخۆی ئێراندا. ڕژیمێک کە هەژاری و فەلاکەت و بێکاریی بەسەر زۆربەی خەڵکی ئێراندا داسەپاندوە و ژنانی بە یاسا کۆنەپەرستە ئاینییەکانی بەند کردووە، ڕژیمێک کە ئێعدامی هەزاران بەندکراو، قەتڵە زنجیرەییەکان، زیندانی کردن و ئەشکەنجەی نەیاران و تیرۆری سەدان کەس لە نەیارانی سیاسی لە کارنامەدا هەیە، لە دەرەوەی سنووورەکانیشدا ناتوانێ بێجگە لە تیرۆر و کوشتار و دروووست کردنی نائەمنی دیاریەکی دیکەی بۆ خەڵکی ناوچەکە و نەیارانی خۆی پێبێت.

تیرۆر، لادان و کوشتنی نەیاران و ڕەقیب تەنانەت کەسانی هاوەدەست لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا یەکێک لە ئەرکانی درێژەی حاکمیەتە. ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی خۆی لە پیلان گێڕی و شگردی لادانی ڕەقیبەکانیدا بە دەسەلات گەیشتوە. تیرۆر و لادانی نەیاران و بیر جیاوازەکان ئاوەڵدوانەی ڕژیمی ئیسلامیە و تا کۆتایی تەمەنی لە گەڵیەتی. تەنیا بە ڕوخانی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژیمە بکۆژ و جەنایەتکارە بە دەستی جەماوەری نارازی و زەحمەتکێش دەکرێت کۆتایی بە جەنایەتکانی بهێندرێت.

DwaRoj

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

سەرنووسەر:
ئەسعەد دروودی
بەڕێوەبەری نووسین و دیزاین:
هێمن بایەزیدپوور

هەژاری لە کۆرۆنا کوشەندەترە

Linnea de la Chapelle
وەرگێران: ئەسعەد دروودی

ڕێکخراوی جیهانیی ئاکسفام دژی هەژاری لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا پاش گشتگیربوونی پەتای کۆرۆنا و درێژخایەن بوونی ئەو پاندێمییە باسی لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەو پەتایە لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵک و پەرەسەندنی زیاتری هەژاری بەتایبەت لە نێو ژناندا کردووە. لە ڕاپۆرتی ساڵانە ڕێکخراوی ئاکسفامدا هاتووە: وادیارە قایرۆسی کۆرۆنا نایەکسانیی ئابووریی لە هەموو جیهان پەرەپێداوە. لە کاتێکدا وڵاتانی دەوڵەمەند خەریکی خۆگرتنەوە و گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی ئابوورین وڵاتانی هەژار لە جاران هەژارتر بوون. لەو ڕاپۆرتەدا هەروەها باس لە کاریگەریی پاندێمییەکە لە سەر نایەکسانیی ئابووری لە پەیوەندی لەگەڵ مەسئەلەی جینسییەتی و ئیتنیکی دەکا.

زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس لە ئاکامی ئەو نەخۆشینەدا مردوون و سەدان میلیۆن کەس بە هەژارانی دنیا زیاد بوون. بەڵام وڵاتانی دەوڵەمەندی دنیا لە باری ئابووریییەوە لە دۆخێکی باشدان. سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای پاندێمییەکەدا بازاڕەکانی بوورس و کۆمپانییە گەورەکان و تاکە دەوڵەمەندەکانیش تووشی خەسار بوون بەڵام ئەو دۆخە زۆری نەکێشا و زۆربەی ئەو کۆمپانییانە لە ماوەیەکی کورتدا زەرەرەکانیان قەرەبوو کردەوە. ١٠٠٠ دەوڵەمەندترین کەسەکانی جیهان (کە بەزۆری لە پیاوانی سپی پێست پێکهاتوون) لە کەمتر لە ١٠ مانگدا لەو ئەزمە ئابووریییە دەرباز بوون و گەڕانەوە دۆخی جاران.

بەرزترین ئاستی بێکاری لە ٩٠ ساڵی ڕابردوودا

دەوڵەمەندترین کەسەکانی دنیا لە مانگی دێسامبری ساڵی ڕابردوودا خاوەنی نزیکەی ١٢ هەزارد میلیارد دۆلار بوون. ئەو بڕە پارەیە بە قەد هەموو بوودجەی ڕێکخراوی G٢٠ بۆ هێنانەوە سەر هێڵی دۆخی ئابووریی دوای قەیرانی کۆڤید ١٩ یە. لە دەورەی پاندێمیی کۆرۆنادا ئەو کەسانە بەشی ڤاکسین بۆ هەموو خەڵکی دنیا و بنەبڕ کردنی هەژارییەک کە لە ئاکامی کۆرۆنادا بەرۆکی خەڵکی گرتووە، پارەیان پەیدا کردووە و داهاتیان بووە. بەڵام بەم دۆخەی ئێستاوە دەیان ساڵی پێدەچێ تا ئەو هەژارییە کەمبێتەوە و بگەڕێتەوە دۆخی بەر لە کۆرۆنا. ڕێکخراوی ئاکسفام لە ڕاپۆرتێکدا لە ژێر ناوی « قایرۆسی نایەکسانی» دا بە وردی باسی ئەو ئامارەی کردووە.

نایەکسانی بە شێوەیکی زۆر بەرینتر لە جاران پەرەیسەندووە و یووهان پێتێرسۆن سکرتێری

سەر نایەکسانیی ئابووری لە پەیوەندی لەگەڵ مەسئەلەی جینسییەتی و ئیتنیکی دەکا.

زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس لە ئاکامی ئەو نەخۆشینەدا مردوون و سەدان میلیۆن کەس بە هەژارانی دنیا زیاد بوون. بەڵام وڵاتانی دەوڵەمەندی دنیا لە باری ئابووریییەوە لە دۆخێکی باشدان. سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای پاندێمییەکەدا بازاڕەکانی بوورس و کۆمپانییە گەورەکان و تاکە دەوڵەمەندەکانیش تووشی خەسار بوون بەڵام ئەو دۆخە زۆری نەکێشا و زۆربەی ئەو کۆمپانییانە لە ماوەیەکی کورتدا زەرەرەکانیان قەرەبوو کردەوە. ١٠٠٠ دەوڵەمەندترین کەسەکانی جیهان (کە بەزۆری لە پیاوانی سپی پێست پێکهاتوون) لە کەمتر لە ١٠ مانگدا لەو ئەزمە ئابووریییە دەرباز بوون و گەڕانەوە دۆخی جاران.

بەرزترین ئاستی بێکاری لە ٩٠ ساڵی ڕابردوودا

گشتیی ئاکسفام لە سوید دەڵێ: « ئەو کەلێنە گەورە ئابووریییەی لە نێوان دەوڵەمەندەکان و هەژاراندا دروست بووە وەکوو قایرۆسەکە کوشەندەیە». پاندێمیی کۆرۆنا هاوکات لە هەموو وڵاتانی جیهاندا نایەکسانیی ئابووریی پەرەپێداوە. پاش ئەوەی مرۆڤ دەستی کرد بە پێوانی خۆشگوزەرانی و یەکسانیی ئابووری لە جیهاندا ئەمە یەکەم جارە شتێکی وا ڕووبدا، واتە لە سەد ساڵی ڕابردوودا قەد لە هەموو جیهان هاوکات هەژاری پەرەی نەسەندووە. پەتای کۆرۆنا بەرزترین ئاستی بێکاری لە ٩٠ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ خۆی هێناوە و مەترسیی ئەوە هەیە زیاتر لە ٢٠٠ میلیۆن کەس بە هۆی ئاکامە ئابووریییەکانی ئەو پاندێمییە تووشی هەژاری بن.

ژنان قوربانیانی سەرەکین

ژنان زیاتر لە پیاوان لە پەتای کۆرۆنا زەرەرمەند بوون. ژنان بە شێوەیەکی گشتی بەشێکی بەرینی هێزی کاری کارە کەمداهاتەکان پێکدێنن و خاوەنی کارهایەکن کە داهاتوویەکی دڵنیایان نییە و بۆیە ئاکامەکانی کۆرۆنا زیاتر بەرۆکی ژنانی گرتووە و تووشی بێکاری و هەژاری کردوون. لە سەدا ٧٠ی هەموو کارمەندانی بەشی تەندروستیی دنیا ژنان پێکیدێنن کە لە زۆر وڵاتدا دۆخێکی نالەباری کاریان هەیە و داهاتێکی کەمیان هەیە، لە سەردەمی کۆرۆنادا ئەو ژنانە زیاتر لە هەموان لە مەترسیی تووشبوون بە کۆرۆنا و مردندا بوون و هەروەها زیاتر لە هەموان تووشی بێکاری و هەژاری لە ئاکامی نەخۆشبووندا هاتوون.

بڵاوبوونەوە پەتای کۆرۆنا لە ناوچە هەژارەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناوچە دەوڵەمەندەکان زیاتر بووە. بۆ نموونە لە بریتانیا ناوچە هەژارەکان دوو ئەوەندەی ناوچەکانی دیکە تووش بوویان تێدا بووە. یان لە برازیل ئەو کەسانەی بەڕەچەڵەک خەڵکی ئەفریقان ٤٠٪ ڕیسکی مردنیان بە هۆی پەتای کۆرۆنا لە سپی پێستەکان زیاتر بووە. لە ئەمریکاشدا ئەگەر ڕێژەی مردن بۆ هەمووان وەکوو یەک بوایە ٢٢٠٠٠ کەسی ڕەش پێس و خەڵکی لاتین ئەمەریکا ئێستە لە ژیاندا بوون. ئەگەر وڵاتانی دنیا و دەسەڵاتدارانیان بیانەوێ هەوڵێکی جیددی بدەن بۆ ئەوەی نایەکسانی لە کۆمەڵگا مرۆڤیدا نەمێنێ لەوانەیە تا سێ ساڵی دیکە بگەڕێتەوە دۆخی بەر لە کۆرۆنا، بە بێ ئەو ئیرادە و هەوڵە زیاتر لە دە ساڵی پێدەچێ تا ئاستی هەژاری وەکوو جارانی لێبێتەوە.